Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080202

# گرنگی گەرووە دەریاییەکان لە ڕووی جیوپۆلیتیکیەوە
# گەرووی مەلەکە وەک نموونە

**ڕەنج نەوزاد تۆفیق**

**ماستەرلە زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی وارسۆ/ پۆڵەندا**

*Article Info*

Received: April, 2021
Accepted :June ,2021
Published :July ,2021

*Keywords*

گەرووە دەریاییەکان، جیوپۆلیتیک
دەریای مەلەکە

*Corresponding Author*

[illegible]

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ڕۆڵ وگرنگی گەرووە دەریاییەکان لە سیاسەت وئابووری وململانێی نێودەوڵەتی، لێرەدا گرنگی جیوپۆلەتیکی وجیوئابووری وجیوستراتیژی گەرووی دەریایی بە گشتی، وگەرووی مەلەکە بە تایبەتی، دەخرێتە ڕوو. ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ تێگەیشتن لە بەشێک لە سیاسەت وململانێ نێودەوڵەتیەکان ودەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لە زۆرێک لە ستراتیژ ورەفتاری دەوڵەتان.

توێژینەوەکە لە پێشەکیەک ودوو بەش ودەرئەنجامێک پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا، سەرەتا چەند پێناسەیەکی گەرووە دەریاییەکان، لە ڕەهەندی جیاوزەوە، دەخرێتە ڕوو. پاشان باس لە پەیوەندی گەرووە دەریاییەکان بە ئاسایشی (وزە)وە دەکرێت، دواتر گرنگی دوو لە دیارترین گەرووە دەریاییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وجیهان (گەرووی هورمز وباب المندب) ئاماژەی پێدەدرێت وهەروەها ئاماژەیەکی خێراش بەو ململانێیە سیاسی وسەربازیانە دەدرێت کە لە لایەن چەندین دەوڵەتەوە ئەنجامدەدرێت بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر ئەو دوو گەرووە دەریاییەدا. بەشی دووەمی توێژینەوەکە تەرخانە بۆ گەرووی مەلەکە، گرنگی جوگرافی وئابووری وجیوپۆلەتیکی ئەم گەرووە بە شێوەیەکی گشتی دەخرێتە ڕوو، پاشان تیشک دەخرێتە سەر ڕۆڵ وپێگەی گەرووی مەلەکە لە پەیوەندی وململانێی نێوان ئەمریکا وچین، یاخود ئەو بایەخە گەورەیەی کە ئەو دوو دەوڵەتە دەیدەن بە گەرووی مەلەکە.

ووشە کلیلیەکان: گەرووە دەریاییەکان، گەرووی مەلەکە، ململانێی ئەمریکا وچین

**پێشەکی:**

یەکێ لەو دیاردانەی کە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ گرنگیەکی گەورەی هەبووە لە هاتووچۆ وئاڵوگۆڕی بازرگانی وپەیوەندی نێوان شارستانیەت ودەوڵەتان، بریتییە لە گەرووە دەریاییەکان. چونکە ڕێگا ئاوییەکان، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، ئامرازێکی سەرەکی ئەو ئاڵوگۆڕ وپەیوەندیانە بوونە، دەریا وزەریاکانیش بە هۆی گەرووەکانەوە بەیەکدەگەن. لەم سەردەمەدا، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە لە بواری پیشەسازی وتەکنەلۆژیدا ڕوویداوە، گرنگی گەرووە دەریاییەکان زیادی کردوە، چونکە پیشەسازی بە گشتی، پشت بە وزە دەبەستێت، بە تایبەت نەوت وگاز، بەشێکی زۆری وزە لە ڕیگەی ئاوی وگەرووەکانەوە لە دەوڵەتانی بەرهەمێنەری وزە دەگاتە وڵاتانی بەکاربەری ئەو وزەیە کە وڵاتانی پیشەسازین.

پیشەسازی لەبەر ئەوەی زۆر بوار دەگرێتەوە (چەک، تەکنەلۆژیا، ئامێر...) بە کۆڵەکەی ئابووری دادەنرێت لەم سەردەمەدا، ئاشکراشە ئابووری بنەمایەکی سەرەکی سیاسەتە، لێرەوەیە گەرووەکان گرنگیەکی جیوپۆلەتیکی وئابووری گەورە وردەگرن. چونکە وەک ئاماژەمان پێدا، پیشەسازی کە بنەمایەکی گرنگی ئابووری دەوڵەتانی زلهێزە، پشت بە وزە دەبەستێت تا بەردەوام بێت وبە بەهێزی بمێنێتەوە، وزەش بەشێکی سەرەکی لەڕێگەی گەرووەرە دەریاییەکانەوە دەگوازرێتەوە، بۆیە پاراستن وکۆنترۆڵکردنی گەرووە دەریاییەکان، خەونێکی سەرەکی بەشێک لە دەوڵەتانی زلهێزە. داخستنی گەرووەکان، واتە نەمان یا کەمبوونەوەی گەیشتنی وزە بە دەوڵەتانی زلهێز، ئەوەش گورزێکی گەورەیە لە ئابووری ئەو دەوڵەتانە، لە دەرئەنجامدا دەبێتە مایەی لاوازبوونی هەژموونی ئەو دەوڵەتانە لە جیهاندا. هەر وەها ئەو وڵاتانە، کاتێک لە ڕێگەی گەرووە ئاوییەکانەوە بەشێکی گەورەی کەرستەی خاویان دەست دەکەوێت، دووبارە پێویستیان بە گەروو ئاوییەکان دەبێت بۆ فرۆشتن وهەناردەکردنی شمەک وبەرهەمە پیشەسازیەکانیان.

لە لایەکی ترەوە، دەوڵەتانی فرۆشیاری وزە، کە بەشێکیان ئابووریان پشت بە فرۆشتنی وزە دەبەستێت، ئەوانیش دیسانەوە بە گشی بۆ ناردنی بەرهەمەکانیان بۆ بازاڕی جیهانی، بە شێوەیەکی گشتی پشت بە گەرووە ئاوییەکان دەبەستن.

جگە لەوەی لەسەرەوە باسکرا، دەوڵەتانی تریش بۆ هەناردە وهاوردەی بەرهەم وپێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان، بەشێوەیەکی زۆر پشت بە گەرووە دەریاییەکان دەبەستن، واتە مەرج نییە گەرووەکان تەنها بۆ دەوڵەتانی کڕیار وفرۆشیاری وزە گرنگ بێت، بەڵکو لە دەرەوەی ئەو بابەتەش هەر گرنگیەکی گەورەی هەیە. بەڵام لەم سەردەمەدا، وئەوەی لەم توێژینەوەش زیاتر چەختی لەسەر دەکرێت، گرنگی گەرووەکانە وەک ڕێگایەکی سەرەکی بۆ گواستنەوە وکڕین وفرۆشتنی وزە.

**کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی توێژینەوەکە لە دوو پرسیاردا کورت دەکرێتەوە:

یەکەم، ئایا گرنگی گەرووی دەریایی بەگشتی وگەرووی مەلەکە بەتایبەتی، لە ڕووی جیوپۆلەتیکی وئابووریەوە چییە وچەندە؟

دووەم، ڕۆڵی گەرووی مەلەکە لە ململانێی ئەمریکا و(چین)دا چییە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

دوو گریمانە دەخرێتە ڕوو بۆ ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە، بەم شێوەیە:

یەکەم، گەرووە ئاوییەکان بەگشتی وگەرووی مەلەکە بە تایبەتی گرنگیەکی گەورەیان هەیە لە ڕووی جیوپۆلەتیکی وئابووریەوە بۆ دەوڵەتان.

دووەم، گەرووی مەلەکە یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە ئەمریکا وچین ململانێ وکێبڕکێ لەسەر دەکەن .

**گرنگی توێژینەوە:**

بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت وململانێ نێودەوڵەتی وهەرێمایەتیەکان لەم سەردەمەدا، پێویستە گرنگی گەرووە دەریاییەکان لەبەر چاوبگرین ولەو ڕۆڵە تێبگەین کە ئەو گەرووانە هەیانە، کە بە یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ململانێ نێودەوڵەتی وسیاسەت وئابووری دادەنرێت لە جیهاندا. لەم تێگەیشتنەوە، هەندێک جوڵەی سەربازی ورەفتاری سیاسی دەوڵەتان، بە تایبەت زلهێزەکان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە. لەم سەردەمەی ئێستاماندا، گرنگترین، یا یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە سیاسیەکانی جیهان، بریتییە لە پەیوەندی وململانێی نێوان ئەمریکا وچین، ئەم پەیوەندییە، کاریگەری دەبێت بەسەر کۆی جیهان وناوچەکەی ئێمەشدا، تێگەیشتن لە ڕۆڵ وگرنگی گەرووە ئاوییەکان وبایەخدانی ئەو دوو زلهێزە بەو بابەتە، یارمەتیدەر ودەروازەیەک دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندیەیی کە لە نێوان ئەمریکاو چین هەیە لەئێستادا.

**میتۆدی توێژینەوە :**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی تێکەڵ (Mixed Method) بەکارهاتووە، کە تیایدا هەردوو میتۆدی چۆنیەتی (Qualitative method)وچەندێتی (Quantitative method) بە یەکەوە بەکاردێت. (Pole, 2007: PP 36-38) میتۆدی چۆنیەتی بەکارهاتووە، چونکە توێژینەوەکە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ

شیکاری بابەتەکە پشتی بە راپۆرت وتوێژینەوەی تر بەستووە. میتۆدی چەندێتی بەکارهاتووە چونکە توێژینەوەکە هەندێ کات لە رێی زمانی ژمارە وداتای ژمارەییەوە گرنگی گەرووە ئاوییەکان دەخاتەروو. هەر وەها لەبەر ئەوەی لە پرسیاری توێژینەوەکەدا، پرسیار کراوە لە بارە (چەند)، گونجاوتر دەبێت ئەگەر میتۆی چەندێتی بەکاربهێنن. لە لایەکی ترەوە، بۆ لێکدانەوە وشیکردنەوەی ئەو ژمارانە وبەستنەوەیان بە لایەنی سیاسی وجیوپۆلەتیکی، پێویستمان بە میتۆدی چۆنیەتی دەبێت، کە لەمەدا، دەق ورستە ووشە بەکاردەهێنرێت نەک ژمارە وئامار. هەر بۆیە میتۆدی تێکەڵ بە گونجاو زانراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

هەر وەها میتۆدی مۆرفۆلۆجی (morphological) بەکارهاتووە، چونکە گەرووره ئاوییەکان دیاردەیەکی جوگرافین، وگرنگی جیوپۆلەتیکیان هەیە، لەو توێژینەوانەشدا کە بابەتەکەیان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان جوگرافیا وسیاسەتە، گونجاوترە ئەم میتۆدە بەکار بهێنرێت .

## ١-بەشی یەکەم: گەرووە ئاوییەکان

نەخشەی (١) دیارترین گەروو و رێرەوە ئاوییەکانی جیهان



سەرچاوە: The Geography of Transport Systems, Domains of Maritime Circulation

پێش تاوتوێکردنی گرنگی گەرووی مەلەکە، باشتر وایە وێنەیەکی گشتی بەدەست بهێنین لە بارەی گەرووە ئاوییەکان بە گشتی، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنێکی ئاسانتر ورووونتر لە گرنگی گەرووی مەلەکە. بۆیە لەم بەشەدا هەوڵدەدرێت بە خێرایی وکورتی ئاماژە بە چەن لایەنێکی بابەتی توێژینەوەکە بدرێت، وەک پێناسەکردنی گەرووی ئاوی، پەیوەندی گەرووی ئاوی بە ئاسایشی وزە (أمن الطاقة)، هەر وەها دوو نموونە لە گرنگترین گەرووەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (هورمز وباب المندب) کورتەیەکیان لەبارەوە دەخرێتە روو.

### ١.١ .گەرووی ئاوی

پێناسەی گەرووە ئاوییەکان زۆر وفرەن، بەڵام بە گشتی دەکرێت بکرێن بە سێ بەش لە پێناسە؛ پێناسەی جوگرافی، پێناسەی وەزیفی، پێناسەی یاسایی. لە ناو خودی ئەم پۆلێنکاریەش، هەر بەشێک چەندین پێناسە لە خۆ دەگرێت، بەڵام لێرەدا تەنها سێ پێناسە دەخرێتە روو، پێناسەیەک لە رووی جوگرافیەوە، ئەوی تر لە تێروانینی یاساییەوە، سێهەمیش لە رووی وەزیفیەوە.

پێناسەی جوگرافیانەی گەروو بریتییە لە "رێڕەوێکی سروشتی ئاوی، دوو دەریا، دوو رووبەری ئاوی بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەر وەها دوو ناوچەی ووشکانیش لە یەکتر جیادەکاتەوە، بە شێوەیەک، ئەگەر گەرووەکە نەبوایە، ئەوا ئەو دوو ناوچە ووشکانیە بەیەکەوە دەنووسان. بە دەربڕینێکی دی،گەروو: کەناڵێکی ئاوییە، دەکەوێتە نێوان دوو رووبەری ووشکانی گەورە، ئاوێکە دوو ناوچە لە یەک جیادەکاتەوە، دوو دەریاش بەیەکتر دەگەیەنێت." (ناصر، ٢٠١٣: ص٤٧(

بە پێی تێروانینی جوگرافی بۆ گەرووە دەرياييەکان، ئەوا هەموو رێرەوێکی ئاوی بریتی نییە لە گەروو، بەڵکو ئەو رێرەوە ئاوییە بە گەروو هەژمار دەکرێت کە ئەم مەرجانە لە خۆ بگرێت (العجولين، ٢٠١٩: ص٦٩ :(

١ (دەبێت ئاوی گەرووەکە، بەشێک بێت لە دەریا، ٢) دەبێت سروشتی بێت، واتە دروستکراوی مرۆڤ نەبێت، واتە کەناڵە ئاوییە دروستکراوەکان بە گەروو هەژمار ناکرێت، ٣) پانایيەکەی دیاریکراو بێت، ٤) دوو ناوچە ووشکانی لە یەکتر جیابکاتەوە ودوو دەریا بگەیەنێت بە یەکتر، ٥) رێرەوێکی ئاوی بێت بۆ هاتووچۆ وگواستنەوەی نێودەوڵەتی، نەک تەنها پەیوەست بێت بە کەنار وبەندەرەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە دەروانە سەر گەرووەکە .

بەشی دووەمی پێناسەکان، بریتییە لە پێناسەی وەزیفی یا ئامانجگەرایی (الوظيفي- الغائي)، بەپێی ئەم تێروانینە، گەرووی ئاوی بریتییە لەو گەرووەی کە بۆ کەشتیوانی نێودەوڵەتی (الملاحة الدولية) بەکاردەهێنرێت (فيان، ٢٠١٣: ص ٥٢٤). واتە لێرەدا پێوەری سەرەکی، نێودەوڵەتیبوونە، ئەو گەرووانەی کە لە ناوخۆی وڵاتێکن وسودی نێودەوڵەتی نییە، بە گەروو هەژمار ناکرێت بە پێی ئەم تێروانینە.

گەروو لە رووی یاساییەوە، دادگایی دادی نێودەوڵەتی لە بڕیاری ١٩٤٩/٤/٩ کە ناسراوە بە کەیسی گەرووی کورفو، گەروو پێناسە دەکات بە " رێرەوێکی ئاوي، دوو بەش لە دەریایی نێودەوڵەتی بەیەکتر دەگەیەنێت، بۆ کەشتیوانی (ملاحة) نێودەوڵەتی بەکار دەهێنرێت" ( ناصر، ٢٠١٣: ص٥٠ ).

به پێی ڕێکەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریاکان، گەرووەکان "...بەکار دەهێنرێن بۆ کەشتیوانی (ملاحة) نێودەوڵەتی، کە دەکەوێتە نێوان دوو دەریایی نێودەوڵەتی (أعالي البحار) یا دوو ناوچەی ئاوی تایبەت بە ئابووری (منطقة اقتصادية خالصة)"( اتفاقية الأمم المتحدة لقانون البحار،١٩٨٢:المادة ٣٧ ).

به پێی یاسای نێودەوڵەتی، گەرووەکان به پێی ئەو تایبەتمەندیانەی کە لەسەرەوە باسکران، ئەوا ناوچەی نێودەوڵەتین وهەموو دەوڵەتان بۆیان هەیە بەکاری بهێنن، بەو مەرجەی گەرووەکان بەکارنەهێنرێن دژ بە سەرورەری وئاسایش ئەو دەوڵەتانەی کە دەڕواننە سەر گەرووەکان (اتفاقية الأمم المتحدة لقانون البحار،١٩٨٢:المادة ٣٨). بابەتی ئەم توێژینەوەیەش گەرووە دەریاییە نیودەوڵەتیەکانە.

دەوڵەتان هەموو کات بە پێی یاسا مامەڵە ناکەن لەگەڵ گەرووە ئاوییەکان، بۆ نموونە لە کاتی ململانێی ئێران وئەمریکا، ئێران چەندین جار هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزی کردوە، تەنانەت لە ماوەی جەنگی نێوان ئێران وعیراق (١٩٨٠-١٩٨٨) لە لایەن هەردوو دەوڵەتەوە هێرش کرایە سەر (٤١١) کەشتی لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی وگەرووی هورمز (العجولين، ٢٠١٩، ص٢٨١) ئەمەش بە پێی یاسای نێودەوڵەتی نا یاساییە.

لە ڕووی یاساییەوە پرسی گەرووەکان وردەکاری زۆری تێدایە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تایبەت نییە بە لایەنی یاسایی گەرووەکان، بۆیە تەنها بە کورتی وگشتی ئاماژە درا بەو لایەنە وتەنها بۆ بەرچاو ڕوونی.

بە پشت بەستن بەوەی لە سەرەوە باسکرا، دەتوانین بڵێین کە گەرووی ئاوی بریتییە لە ڕێڕەوێکی سروشتی ئاوی، دوو دەریا یا دوو ڕووبەری ئاوی بە یەکەوە دەبەستێتەوە ودوو ناوچەی ووشکانیش لە یەکتر جیادەکاتەوە، بە ڕێڕەوێکی نێودەوڵەتی دادەنرێت وهەموو دەوڵەتان دەتوانن بەکاری بهێنن، بەو مەرجەی دژی ئەو دەوڵەتانە نەبێت کە دەڕواننە سەر گەرووەکە.

### ٢.١ .گەرووی ئاوی وئاسایشی وزە

ئاژانستی وزەی جیهانی پێناسەی ئاسایشی وزە (امن الطاقة) دەکات بە "مسۆگەر کردنی دابینکردنی وزە بە شێوەیەکی بەردەوام وبێ وەستان وبە نرخێکی گونجاو (the International Energy Agency,2019). بە پێی ئەم پێناسەیە ئاسایشی وزە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی هەیە بە گەرووە ئاوییەکانەوە، چونکە ئەگەر گەرووە ئاوییەکان نا سەقامگیر بێت وپاخود بە بەردەوامی کراوە نەبێت، ئەوا دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی کڕین وفرۆشتنی وزە (بە تایبەت نەوت وگازی سروشتی)، واتە کار دەکاتە سەر کەمکردنەوە ودابەزینی خستنە ڕووی وزە، ئەگەر خستنە ڕوو کەم بێتەوە، داواکاری زیاد دەبێت، ئەمەش نرخی شمەکەکە بەرز دەکاتەوە. کەواتە ئەو نرخە گونجاوەی کە لە پێناسەکەدا ئاماژەی پێدراوە، کێشەی تێدەکەوێت. هەر وەها نا سەقامگیری یا داخستنی گەروویەکی گرنگ (بۆ نموونە هورمز یا مەلەکە) کاریگەری خەراپی دەبێت لەسەر بەردەوامی وئاسانی بەدەستهێنانی وزە، بۆ نموونە لە٨٠٪ی ئەو وزەیەی ژاپۆن وچین وکۆریا وتایوان پێویستیانە، لە ڕێگەی گەرووی مەلەکەوە بەدەستیان دەگات (بلمادي،٢٠١٥: ص١٥)، ئەگەر ئەو گەرووە دابخرێت ئەوا کارەساتێکی گەورە تووشی پیشەسازی وئابووری ئەو وڵاتانە دەبێت. واتە ئەو مسۆگەرییە لە بەدەستهێنانی وزە بە بەردەوامی، کە لە پێناسەکەدا ئاماژەی پێکراوە، تووشی کێشە دەبێت .

ڕێگای ئاوی بە ئامرازێکی سەرەکی گواستنەوەی وزە دادەنرێت لە جیهاندا. لە ٢٠١٥، لە ٦١٪ی نەوت وپێکهاتەکانی تری نەوت، لەجیهاندا لە ڕێگەی ئاوییەوە گواستراوەتەوە (U.S. Energy Information Administration, 2017)، بەشی هەرە زۆری ئەو ژمارەیە، لە ڕێگەی گەرووەکانەوە دەگوازرێنەوە. وەک لەم خشتەیی خوارەوە ڕوون دەکرێتەوە:

(خشتەی ١)
قەبارەی تێپەڕبوونی نەوت لە سێ گەرووی سەرەکی. ژمارەکان ئاماژەن بە ملیون بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

| گەرووەکان/کۆی گشتی/کۆی گشتی ...امەڵەی نەوت لە جیهاندا | ٢٠١١ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |
| هورمز | ١٧.٠ | ١٦.٨ | ١٦.٦ | ١٦.٩ | ١٧.٠ | ١٨.٥ |
| مەلەکە | ١٤.٥ | ١٥.١ | ١٥.٤ | ١٥.٥ | ١٥.٥ | ١٦.٠ |
| باب المندب | ٣.٣ | ٣٦. | ٣.٨ | ٤.٣ | ٤.٧ | ٤.٨ |
| کۆی گشتی لە رۆژێکدا | ٣٤.٨ | ٣٥.٥ | ٣٥.٨ | ٣٦.٧ | ٣٧.٢ | ٣٩.٣ |
| کۆی گشتی لە رۆژێکدا | ٨٨.٨ | ٩٠.٨ | ٩١.٣ | ٩٣.٨ | ٩٦.٧ | ٩٧.٢ |

(ت): پێویستە بزانرێت ئەو ژمارانەی لە خشتەکەدا هەیە، دووبارەبوونەوەی تیایە، بۆ نموونە بەرمیلێکی نەوت دەکرێت لە هورمزەوە بەرەو چین و ژاپۆن... بە تێپەڕبوون بە گەرووی مەلەکەدا بگوازرێتەوە، ئەو بەرمیلە نەوتە بە پێی داتای خشتەکە دوو جار هەژمار کراوە، دانەیەکی لە هورمز وئەوی تر لە مەلەکە، بۆ گەرووی باب المندبیش ئەمە راستە)

سەرچاوە: (U.S. Energy Information Administration, World Oil Transit Chokepoints,2017.)

وەک لە خشتەکەدا دیارە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٦ لە ماوەی یەک رۆژدا کۆی ئەو نەوتەی لە جیهاندا مامەڵەی کڕین وفرۆشتی پێوە کراوە، دەگاتە (97.2) ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بڕێکی بەرچاو لەو قەبارەیە تەنها لە رێی ئەو سێ گەرووە ئاماژەیان پێکراوە گواستراونەتەوە. لە کاتێکدا، جگە لەو سێ گەرووە، گەرووی ئاوی تریش هەن کە رۆژانە ملیۆنان بەرمیلە نەوت وماددە هایدرۆکاربۆنیەکانی تری تێدا دەگوازرێتەوە، بۆ نموونە هەر لە (٢٠١٦)، گەرووەکانی تورکیا (بسفۆر ودەردەنیل) رۆژانە (4.2) ملیۆن بەرمیل وگەرووی دانیمارک (3.2) ملیۆن بەرمیل و نۆکەندی سوێس (هەر چەن ئەمەیان کەناڵە نەک گەروو، بەڵام رێڕەوێکی ئاوی گرنگە) رۆژانە (5.5) ملیۆن بەرمیلی تری تیا دەگوازرێتەوە، لەگەڵ چەندین گەروو ورێڕەوی ئاوی تر کە لە رێگایانەوە وزە دەگوازرێتەوە (U.S. Energy Information Administration,2017). لە رێی ئەو داتا وژمارانەوە، ئەو راستیە دەردەکەوێت، کە بەشێکی سەرەکی وزە، لە رێگەی گەروو ورێڕەوە ئاوییەکانەوە دەگوازرێتەوە، واتە ئاسایشی وزە، بە شێوەیەکی راستەخۆ پەیوەندی بە گەرووەکانەوە هەیە. هەر بۆیە بەشێک لە دەوڵەتان، وەک دواتر دەخرێتە ڕوو، گرنگیەکی زۆر دەدەن بە کۆنترۆڵ کردن وچاودێری وسەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر گەرووە ئاوییەکاندا.

ئاسایشی وزە، بۆ زۆرێک لە دەوڵەتان پەیوەندی راستەخۆی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، بۆ زۆرێک لە دەوڵەتانی پیشەسازی، کە وزە هاوردە دەکەن، ئەگەر بە بەردەوامی وبە نرخی گونجاو وزە بە دەست نەهێنن، ئەوا دەکرێت تووشی کارەساتی ئابووری وجیوپۆلەتیکی گەورە بن، چونکە هێز وپێگەی سیاسی ئەو دەوڵەتانە، بە شێوەیەکی گشتی، پشت بە تەکنەلۆژیا وپیشەسازی چەک وپیشەسازییەکانی تر دەبەستێت، ئەوانەش بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە وزە دەبەستن بۆ دروستکردن وگەشەپێدانیان. لەبەرامبەردا، دەوڵەتانی بەرهەمهێن وفرۆشیاری وزە، ئابووری وپێگەی سیاسیان، بە گشتی، پشت بەو داهاتە دەبەستێت، کە لە هەناردە وفرۆشتنی وزەوە دەستیان دەکەوێت. هەر بۆیە وەزیری وزەی ئەمریکی (ریک پێری) لە ساڵی ٢٠١٨ وتی "ئاسایشی وزە،بە هەر پێوەرێک بێت، پێکهاتەیەکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە..." (شیرأمریکا،٢٠١٩). لەسەر ئەو بنەمایە، گەرووە ئاوییەکان پەیوەندی گرنگی بە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتانەوە هەیە.

جگە لەوەی لەسەرەوە باس کرا لە بارەی گرنگی گەرووە ئاوییەکان لە پەیوەندیدا بە ئاسایشی وزە، گەرووکان بە ئامرازی سەرەکی دادەنرێن بۆ بازرگانی جیهانی، نزیکەی لە ٩٠٪ی قەبارەی بازرگانی لە جیهاندا لە رێگەی دەریاییەوە دەگوازرێتەوە(العجولین، ٢٠١٩: ص١٣٧)، کە ئەمەش

زۆربەی لە ڕێگەی گەرووە ئاوییەکانەوە ئەنجامدەدرێت. واتە گەرووەکان نەک تەنها بۆ گواستنەوەی وزە، بەڵکو بۆ بازرگانی وشمەک بە گشتی، ئامرازی سەرەکین. بێ گومان بۆ کاتی جەنگ وگواستنەوەی سوپا وکەشتیگەلەکانیش، گەرووەکان گرنگیەکی گەورەیان هەیە، واتە گەرووەکان لە کاتی ئاشتی وجەنگدا، گرنگیەکی جیوپۆلەتیکی گەورەیان هەیە .

### ٣.١ .گەرووە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چەندین گەرووی ئاوی گرنگ هەیە، لێرەدا بە کورتی تەنها ئاماژە بە دوانیان دەدرێت، ئەوانیش گەرووی هورمز و(باب المندب)ە، چونکە بە گرنگترین گەروو دادەنرێن چ لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وچ لەسەر ئاستی جیهان.

### ١.٣.١. گەرووی هورمز




سەرچاوە: ABC News, Understanding the Strait of Hormuz

گەرووی هورمز دەکەوێتە نێوان وڵاتی ئێران وعومان، کەنداوی عەرەبی دەبەستێتەوە بە کەنداوی عومان ودەریای عەرەب، کە بەشێکن لە زەریای (ئۆقیانووس) هیندی، بە گرنگترین گەرووی ئاوی دادەنرێت لە جیهاندا بۆ گواستنەوەی نەوت وگازی سروشتی شلکراو (U.S. Energy Information Administration, 2019). بەشێکی زۆری گرنگی ئەم گەرووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆرێک لە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی وزە وەک (عیراق،ئێران، کوێت،سعودیە،قەتەر،ئیمارات بەحرێن،عومان) دەکەونە نزیک ئەم گەرووەو وشتی پێ دەبەستن بۆ هەناردە کردنی بەرهەمە نەوتیەکانیان، بە تایبەت وڵاتانی وەک عیراق وکوێت وقەتەر وبەحرێن، هیچ دەرەچەیەکی دەریاییان نییە جگە لە کەنداوی عەرەبی، واتە جگە لە گەرووی هورمز، هیچ ڕێگەیەکی دەریایی تریان نییە کە بگەن بە جیهان (طهماز،٢٠١٧: ص١١)، بەو مانایەی داخستنی گەرووی هورمز، بۆ ئەو چوار دەوڵەتە، واتە دابڕانیان لە جیهانی دەرەوە لە ڕووی دەریاییەوە. هەر یەکە لە ئیمارات وئێران وسعوودیە لەگەڵ ئەوەی دەرچەی دەریایی تریان هەیە لە دەرەوەی هورمز، بەڵام هێشتا هورمز وەک دەروازەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنن.

بە پێی خەمڵاندنەکان، لە ٥٥٪ی یەدەگی نەوتی جیهان(Robert Strauss center, 2008)

(خشتەی ٢)

گرنگی گەرووی هورمز لە هەناردەکردنی نەوتی ئەم دەوڵەتانی خوارەوە (٢٠١٣)

| ناوی دەوڵەت | ڕێژەی هەناردەکردن بە هورمزدا |
|---|---|
| قەتەر | ١٠٠٪ |
| بەحرێن | ١٠٠٪ |
| کوێت | ١٠٠٪ |
| ئیمارات | ٩٩٪ |
| ئێران | ٩٠٪ |
| عراق | ٨٩٪ |
| سعوودیە | ٨٨٪ |

سەرچاوە، (علي ناصر ناصر، مضيق هورمز والصراع الأمريكي الايراني،دار الفارابي،لبنان ٢٠١٣.،ص ص٦٧-٦٩(

جگە بۆ ئەو هەشت دەوڵەتەی کە دەڕواننە سەر کەنداوی عەرەبی وبەشی سەرەکی نەوت وگازی سروشتی خۆیان لە ڕێگەی هورمزەوە دەفرۆشن، گەرووی هورمز بۆ ئابووری جیهانیش گرنگیەکی گەورەی هەیە، ئەم گەرووە بە شادەماری وزە دادەنرێت بۆ ئابووری جیهان، وەک لە خشتەی (٣) دەبینرێت:

(خشتەی ٣)

قەبارەی گواستنەوەی نەوت وبەرهەمە نەوتییەکانی تر بە گەرووی هورمزدا (٢٠١٧-٢٠١٨). ژمارەکان ئاماژەن بە (ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا).

| | | |
|---|---|---|
| ساڵی ٢٠١٧ | ٠.٣ ملیۆن | لە جیهاندا ٩٨.٥ ملیۆن بەرمیل رۆژانە مامەڵەی پێکراوە. |
| ساڵی ٢٠١٨ | ٠.٧ ملیۆن | لە جیهاندا ٩٩.٩ ملیۆن بەرمیل رۆژانە مامەڵەی پێوە کراوە. |
| واتە نزیکەی لە (٢١٪)ی مامەڵە وگواستنەوەی نەوت لە جیهاندا لە ساڵی ٢٠١٨ لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە کراوە. | | |

سەرچاوە: U.S. Energy Information Administration, The) Strait of Hormuz is the world's most important oil (transit chokepoint, 2019

گەرووی هورمز جگە لە گواستنەوەی نەوت، ڕێگایەکە بۆ گواستنەوەی بڕێکی گەورە لە گازی سروشتی شلکراو. بە پێی داتای ٢٠١٦، زیاد لە ٣٠٪ی گازی سروشتی شلکراو لە جیهاندا بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕێت (U.S. Energy Information Administration, 2017). گازی سروشتی کە بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی وزە دادەنرێت وئەگەر هەیە لە ئایندەدا ببێتە یەکەم سەرچاوەی وزە وشوێنی نەوت بگرێتەوە، ئەوا گەورەترین کێڵگەی گازی سروشتی لە جیهاندا کێڵگەی باکوری قەتەرە کە دەکەوێتە کەنداوی عەرەبی، قەتەر وئێران هاوبەشن لە خاوەندارێتی ئەو کێڵگەیەدا، بەڵام زۆربەی کێڵگەکە قەتەر خاوەندارێتی دەکات (NS, Energy,2019). قەتەر لە دوای ڕووسیا وئێران گەورەترین یەدەگی گازی سروشتی هەیە لە جیهاندا (Hydrocarbons-technology,2013)، هەر وەها گەورەترین فرۆشیارە لە جیهاندا لە گازی سروشتی شلکراو (NS, Energy,2019) ، ئەم جۆرە گازە لە ڕێگەی کەشتیەوە زیاتر دەگوازرێتەوە. پێگەی سیاسی قەتەر لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەو گازە سروشتیە دەبەستێت، کە داهاتێکی زۆر گەورەی بۆ دەگەڕێنێتەوە، وەک لە خشتەی (٢) خراوەتە ڕوو، قەتەر بە تەواوی پشت بە گەرووی هورمز دەبەستێت بۆ هەناردە کردنی وزە.

لە پێش سەدەی ٢٠، گرنگی ئەم گەرووە زیاتر بۆ هەڵکەوتەی جوگرافیەکەی دەگەڕایەوە، کە گرنگیەکی بازرگانی وسەربازی هەبوو. بەڵام دوای دۆزینەوەی نەوت لە سەدەی ٢٠ وپشت بەستنی پیشەسازی بە نەوت، ئەوا هورمز، گرنگیەکەی زۆر زیاتر وگەورەتر بوو. دوای کشانەوەی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداو لە ساڵی ١٩٧١، ئەمریکا شوێنی گرتەوە وبوو بەهەژموونترین زلهێز لەو ناوچەیەدا. تا پێش ساڵی ١٩٧٩ ئەمریکا لە ڕێگەی ئێرانەوە گەرووی هورمز وکەنداوی عەرەبی دەپاراست، چونکە ئەو کات ئێران هاوپەیمانی ئەمریکا بوو (ناصر، ٢٠١٣: ص٧٣)، بەڵام دوای چەندین ڕووداوی وەک شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ١٩٧٩ کە ئێرانی لە هاوپەیمانی ئەمریکاوە کردە نەیاری ئەمریکا، پەلاماردانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان کە ئەمریکا پێیوابوو ئەوە بۆ نزیکبوونەوە وکۆنترۆڵکردنی کەنداوی عەرەبی وگەرووی هورمزە (ناصر،٢٠١٣:ص ١٢٠)، هەر وەها دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عیراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠ پاشان ڕووخاندنی یەکێتی سۆڤیەت، ئەمریکا بۆ پاراستنی گەرووی هورمز چەندین بنکەی سەربازی لە زۆرێک لە دەوڵەتانی کەنداو دامەزراند، وەک بنکەکانی لە کوێت وقەتەر وبەحرێن وپاشان عیراق لە ٢٠٠٣وە، ئیتر ئەمریکا ڕاستەوخو ولە ڕێگەی سەربازیەوە هەوڵی پاراستنی گەرووی هورمزی داوە .

داخستن یا تێکچوونی ئاسایشی گەرووی هورمز دەکرێت جیهان تووشی قەیرانێکی ئابووری گەورە بکات، بۆ نموونە لە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عیراق وئێران، کاتێک ئەوەی پێی دەڵێن (جەنگی بارهەڵگرەکان) ڕوویدا، کە بریتی بوو لە پەلاماردانی کەشتیە بازرگانیەکانی کەنداوی عەرەبی وناوچەی گەرووی هورمز لە لایەن عیراق وئێرانەوە، بۆ لێدان لە بەرژەوەندی یەکتر وجوڵاندنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە دژی یەکتر... بەهۆی ئەو ڕووداوەوە نرخی بیمە ودڵنیایی دەریایی کەشتیەکان، بە ڕێژەی ٤٠٠٪ زیادی کرد .(Weitz,2019) ئەوە لە کاتێکدا، کە جەنگەکە نەبووە هۆکاری داخستنی گەرووی هورمز، بەڵکو تەنها سەقامگیری ناوچەکەی تێکدا. بەڵام ئەگەر هورمز بە تەواوی دابخرێت، ئەوا پێشبینی دەکرێت تەنها لە مانگی یەکەمی ئەو داخستنە، نرخی یەک بەرمیل نەوت بگاتە (٢٥٠) دۆلار، تا ماوەی داخستنەکەش زیاتر بێت، ئەوا نرخی نەوت زیاتر بەرز دەبێتەوە (ناصر، ٢٠١٣: ص٩٣). ئەم بەرزبوونەوەیە لە نرخی نەوت دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ بەرزبوونەوەی نرخی شمەک، واتە ئەگەر هورمز دابخرێت، ئەوا دەکرێت جیهان تووشی گرانیەکی زۆر وقەیرانێکی ئابووری گەورە ببێت، قەیرانە ئابووریەکانیش، دەکرێت قەیرانی ئاسایش وسیاسی دروست بکەن.

لەگەڵ ئەوەی چەند ساڵێکە ئەمریکا خۆی لە بەرهەمهێنانی نەوت وگازدا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز وکەمتر پێویستی بە هاوردەکردنی وزە ماوە لە دەرەوە، بۆ نموونە بە پێی داتای ٢٠١٨ ئەمریکا تەنها (1.4) ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە نەوتی لە گەرووی هورمزەوە پێگەیشتووە، ئەمەش دەکاتە ٧٪ی ئەو نەوتەی کە ئەمریکا بەکاری دەهێنێت لە ڕۆژێکدا (U.S. Energy Information Administration,2019). ئەم ڕێژەیە لەوانەیە کەمتریش بێتەوە لەگەڵ گەشەکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمریکادا. کەواتە لە ئێستادا گرنگی گەرووی هورمز

بۆ ئەمریکا، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە خۆی پێویستی بە نەوت وزەی کەنداوی عەرەبی هەیە، بەڵکو ئەو گرنگیە بۆ چەن خاڵێکی تر دەگەڕێتەوە:

١ -ڕۆژانە (3.5) ملیۆن بەرمیل نەوت لە گەرووی هورمزەوە دەچێت بۆ چین، واتە زیاد لە٣٨٪ پێداویستی چین بۆ نەوت لە ڕێگەی گەرووی هورمزەوە پێیدەگات .(Girard, 2020)ڕوونیشە کە پەیوەندی ئەمریکاو چین زیاتر بەرەو ململانێ دەچێت، ئەمریکا دەیەوێت یەکێ لە سەرچاوە سەرەکیەکانی چین بۆ وزە، لەژێر کۆنترۆڵی خۆی بمێنێتەوە ولە کاتی پێویستدا وەک فشار لە دژی بەکاری بهێنێت. ٢- گەرووی هورمز وەک سەرچاوەی سەرەکی گواستنەوەی وزەیە بۆ بەشێکی زۆری هاوپەیمانەکانی ئەمریکا. بۆ نموونە ژاپۆن لە ٩٠٪ پێداویستی خۆی بۆ نەوت، لە کەنداوی عەرەبیەوە بەدەستی دەگات (طهماز، ٢٠١٧: ص٥٤)، هەر وەها دەوڵەتانی ئەوروپا نزیکەی لە ٢٥٪ی پێویستی خۆیان بۆ وزە لەگەرووی هورمزەوە بۆیان دەگوازرێتەوە (العلي، ٢٠١٨)، جگە لە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی لە کەنداو، کە زۆربەیان هاوپەیمانی ئەمریکان. ئەمریکا بۆ پاراستنی هاوپەیمانەکانی، بە پێویستی دەزانێت، گەرووی هورمز لە ژێر هەژموونی خۆی بێت. ٣-کەنداوی عەرەبی وکەنداوی عومان ودەریایی عەرەب هەر هەمووی بەش ولقی زەریایی هیندین، زەریایی هیندی بە گرنگترین ڕێگەی بازرگانی ووزە وستراتیژی دادەنرێت، ڕێگەی گواستنەوەی ئاویە لە نێوان ئاسیاو ئەوروپا وئەفریقیا وئەمریکا وئوستراليا، هەر هێزێک بیەوێت زاڵ بێت بەسەر جیهان وسیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەوا دەبێت هەژمووی هەبێت بەسەر زەریایی هیندی (ناصر،٢٠١٣: ص١١). هەر بۆیە یەکێ لە بنکە سەربازیە کاریگەر وگەورەکانی ئەمریکا، لە دوورگەی (دیگو گارسیا)یە کە دەکەوێتە زەریایی هیندی، هەژموونی سەرەکی ئەمریکا لە زەریایی هیندی لە ڕێگەی ئەو بنکە سەربازیەیەتی (ناصر، ٢٠٣:ص ١٤-١٥). واتە بەشێکی گرنگی بایەخی ئەمریکا بە گەرووی هورمز بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو گەرووە دەچێتە چوارچێوەی گرنگیدانی ئەمریکا بە زەریایی هیندی. هەژموونی ئەمریکاش لە جیهاندا، بەشێکی پشت بەو هەژموونە دەبەستێت کە لە زەریایی هیندیدا هەیەتی. ٤- گەرووی هورمز، وەک ئاماژەی پێدرا، بە ڕێگەیەکی سەرەکی ئێران دادەنرێت بۆ هەناردەکردنی بەرهەمە نەوتیەکانی، ئێرانیش تاکە دەوڵەتی کەنداوی عەرەبیە کە نەیاری ئەمریکایە ونزیکترە لە هەردوو نەیارەکەی تری ئەمریکا کە چین وروسیایە، بۆ ڕێگرتن لە هەژموونی ئێران وچین ورووسیا بەسەر گەرووی هومرز وکەنداوی عەرەبی، ئەمریکا بە گرنگی دەزانێت هەژموونی بمێنێتەوە لەو ناوچەیەدا. بۆ ئەم ئامانجە، گەشتیگەلی ژمارەی (٥)ی هێزی دەریایی ئەمریکا لە بەندەرەکانی وڵاتی بەحرێن جێگیرکراون، کە ئەرکی پاراستنی گەرووی هورمزە لە هەر هەڕەشەیەک بە تایبەت هەڕەشەی ئێران (العجولين، ٢٠١٩: ص١٤٥). لەبەرامبەردا چین دەیەوێت لە ڕێگەی پاکستان وئێرانەوە لە چوارچێوەی پرۆژی (ڕێگای ئاوریشمی نوێ)ەوە نزیک بێتەوە لە گەرووی هورمز وبێ تێپەرین بە گەرووی مەلەکە، وزە لە هورمزەوە بگوازێتەوە بۆ چین بە ڕێگای ووشکانی لە ڕێگەی پاکستانەوە، وەک لە بەشەی دووەمی ئەم توێژینەوە زیاتر ئاماژەی پێدەدەین.

بە کورتی گەرووی هورمز بە شادەماری گواستەنەوەی وزە دادەنرێت لە جیهاندا، ئەو دەوڵەتەی هەژموونی بەسەر ئەو گەرووە هەبێت، دەتوانێت ببێتە خاوەن پێگەیەکی گەورە لە جیهاندا ورۆڵی سەرەکی ببینێت لە ئابووری وئاسایشی وزەی جیهاندا. هەر بۆیە ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی بەرەو ئەوە دەڕوات ئیتر پێویستی بە بەرهەمە نەوتیەکانی وڵاتانی کەنداو نەمێنێت، بەڵام هێشتا بایەخی گەورە بەو گەرووە دەدات، ئێرانیش کارتی داخستنی ئەم گەرووە وەک فشار بەکاردەهێنێت بەرامبەر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەم بارەیەوە وتەیەک هەیە دەڵێت : "ئەگەر جیهان وەک بەرمیلێکی باروت بێت، ئەوا گەرووی هورمز فتیلەی ئەو بەرمیلەیە، ئەگەر ئاگر لە گەرووی هورمز بدرێت، ئەوا هەموو جیهان دەتەقێتەوە"(طهماز،٢٠١٧:ص٥٦).

### ٢.٣.١. گەرووی باب المندب




سەرچاوە: U.S. Energy Information Administration,The Bab el-Mandeb Strait is a strategic route for oil and natural gas shipments

گەرووی (باب المندب) دەکەوێتە نێوان هەرسێ دەوڵەتی یەمەن وجیبۆتی وئەریتیریا، دەکەوێتە نێوان ئاسیا وئەفریقیا، دەروازەی باشووری دەریایی سوورە، کەنداوی عەدەن ودەریایی عەرەب وزەریایی هیندی دەگەیەنێت بە دەریایی سوور، پاشان لە ڕێگەی نۆکەندی (سوێس)ەوە دەریایی سوور

دەگەیەنێتە دەریایی ناوەڕاست، واتە زەریایی هیندی دەگەیەنێت بە دەریایی ناوەڕاست، ئەم ڕێڕەوە ئاویە، بە کورترین ڕێگەی ئاوی دادەنرێت لە نێوان ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا وبە ڕێگای سەرەکی بازرگانی دادەنرێت لە نێوان هەردوو جیهانی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا (الزبيدي، ٢٠٢٠: ص ١٥٠-١٥١).(

پێش دروستکردن وکردنەوەی نۆکەندی سوێس لە میسر، گەرووی باب المندب ئەو گرنگیە گەورەیەی نەبووە کە لە دوای کردنەوەی نۆکەندی سوێس هەیەتی. چونکە پێش نۆکەندی سوێس، باب المندب تەنها زەریایی هیندی دەگەیاندە دەریایی سوور، بەڵام دوای کردنەوەی نۆکەندی سوێس ئەوا زەریای هیندی گەیاندە دەریایی ناوەڕاست وئەوروپا ورۆژئاوا. بێ گومان نۆکەندی )سوێس(یش بە بێ بوونی باب المندب گرنگیەکی گەورەی نەدەبوو. پێش کردنەوەی نۆکەندی سوێس، کەشتیەکان لە ئەوروپاوە دەبوو بە ڕێگای (رأس رجاء الصالح) لە باشووری کیشوەری ئەفریقیاوە بگەنە زەریایی هیندی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئاسیا، بۆ نموونە، ئەو کات کەشتیەک لە شاری لەندەن بۆ ئەوەی بگاتە بەندەری عبەدان لە ئێران، دەبوو (٢١) هەزار کم ببڕێت، بەڵام دوای کردنەوەی نۆکەندی سوێس، ئەوا هەمان ئەو کەشتیەیی لەندەدەن، بە تێپەڕبوونی بە نۆکەندی سوێس وگەرووی باب المندب، پێویستە (١٢) هەزار کم ببڕێت تا بگاتە بەندەری عبەدانی ئێران(العجولين، ٢٠١٩: ص ٢٨٥). ئەم کورتکردنەوەیەیی ڕێگای بازرگانی، کار دەکاتە سەر نرخ وبڕی بازرگانی وگەڕاندنەوەی کات ووزەیەکی زۆر، هەموو ئەم گۆڕانکارییە گرنگانە لە بازرگانی وئابووری جیهانی، پەیوەندی بە ڕێرەوی باب المندب ونۆکەندی سوێسەوە هەیە. (نۆکەندی سوێس لە ڕێڕەوە ئاویە هەرە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وجیهانە، بەڵام لە ڕووی زانستیەوە وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، گەرووە ئاوییەکان دەبێت سروشتی بن، بەڵام نۆکەندی سوێس دروستکراوە وسروشتی نییە، بۆیە بە کەناڵ یا نۆکەند هەژمار دەکرێت نەک گەروو، لەبەر ئەوە لەم توێژینەوەیەدا باسێکی تایبەتی بۆ تەرخاننەکرا ).

بە پێی داتای ساڵی ٢٠١٨، ڕۆژانە بڕی (6.2) ملیۆن بەرمیل نەوت گواستراوەتەوە لە ڕێگەی گەرووی باب المبدب، کە دەکاتە ٩٪ی کۆی ئەو نەوتەی کە بە ڕێگەی ئاوی گواستراوەتەوە لە جیهاندا U.S. Energy) Information Administration,2019). گەرووی باب المندب ڕێگای سەرەکی گواستنەوەی وزەیە لە کەنداوی عەرەبی وگەرووی هورمزەوە بۆ ئەوروپا و بەشێکی ئەمریکا، جگە لە وزە، گەرووی باب المندب ڕێگەیەکی سەرەکی هەناردە کردنی شمەکی چینی وژاپۆنی وهیندیە...بۆ ئەوروپا وئەمریکا وئیسرائیل وڵاتانی سەر دەریایی سوور ودەریایی ناوەڕاست، هەر وەها بە پێچەوانەوەش،ئەگەر باب المندب دابخرێت، ئەوا وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، پێویستە ڕێگای (رأس رجاء الصالح) بەکاربهێنرێت لە باشوری ئەفریقیا، ئەمەش کات وتێچوونێکی زۆر زیاتری دەوێت بە براورد بە تێپەربوون بە ڕێگای باب المندب ونۆکەندی سوێس (U.S. Energy Information Administration,2019).

لەبەر ئەو گرنگییە، ناوچەی باب المندب ودەوڵەتانی نزیک لەو گەرووە، بووەتە گۆڕەپانی ململانێیەکی جیوپۆلەتیکی نێوان چەندین دەوڵەت.ناوچەی قەرنی ئەفریقی، کە پێکدێت لە هەریەک لە ئەلیتریا وجیبۆتی وسۆماڵ وئەسیوبیا (rift valley institute,2017)ئەم ناوچەیە (قەرنی ئەفریقی) دەڕوانێتە سەر دەریایی سوور وکەنداوی عەدەن وزەریایی هیندی دەکەوێتە بەری ڕۆژئاوای باب المندب ودەریایی سوور(جگە لە ئەسیوبیا کە هیچ سنورێکی دەریایی نییە)، بوونی هەژموون لە قەرنی ئەفریقی، واتە بوونی هەژموون لە گەرووی باب المندب. هەر بۆیە چەندین دەوڵەت هەوڵ دەدەن ئامادەیی سەربازییان هەبێت لەم ناوچەیە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی ڕووبەر بچوکی وەک جیبۆتی، کە دەڕوانێتە سەر گەرووی باب المندب ودەریایی سوور کەنداوی عەدەن، هەشت دەوڵەت بنکەی سەربازی وسەربازیان تیایدا هەیە؛ هەر لە یەک لە دەوڵەتانی وەک فەرەنسا، ئەمریکا، چین، ژاپۆن بکەی سەربازیان هەیە لەو وڵاتەدا، بنکە سەربازییەکەی ژاپۆن یەکەم بنکەی سەربازی ئەو دەوڵەتە لە دەرەوەی ژاپۆن، هەر یەک لە بەریتانیا وئیسپانیا وئەڵمانیا سەربازیان لە ناو بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا وفەرەنسا هەیە، هەر وەها سعودیە وهیندستانیش پلانیان هەیە لە ئایندەیەکی نزیک بنکەی سەربازی خۆیان لە جیبۆتی بکەنەوە (De Faakto, 2019). لە ئەریتیریا کە یەکێکە لەو سێ دەوڵەتەی دەڕوانێتە سەر گەرووی باب المندب، هەر یەک لە ئیسرائیل وئیمارات بنکەی سەربازیان تێدا دامەزراندوە، سۆماڵ، هەر چەن ناڕوانێتە سەر باب المندب، بەڵام دەڕوانێتە سەر کەندوای عەدەن وزەریایی هیندی، کە دەروازەی (باب المندب)ە، هەر یەک لە ئەمریکا وبەریتانیا وئیمارات وتورکیا بنکەی سەربازیان تیایدا دامەزراندوە (موقع الأمن والدفاع العربي، ٢٠١٩). یەمەن کە دەکەوێتە بەرامبەر قەرنی ئەفریقی، لە بەرەی ئاسیا ورۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی باب المندب بە شێوەیەکی فراوان دەڕوانێتە سەر ئەو گەرووە، دیسانەوە ساڵانێکە بووەتە گۆڕەپانی ململانێ وجەنگی بە وەکالەتی

نێوان سعوودیە وئیمارات لە لایەک، ئێران لە لایەکی تر. هەموو ئەم ململانێ وکێبرکێ وبایەخدانەی دەوڵەتان بۆ ئەو ناوچەیە، بەشێکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگیە ئابووری وجیوپۆلەتیکیەیی باب المندب هەیەتی. لە خوارەوە هەوڵدەدرێت بە کورتی ئاماژە بە ئەو ململانێ وکێبرکێیانە بدرێت کە لەو ناوچەیەدا هەیە، کە هۆکارێکی سەرەکی بۆ باب المندب دەگەڕێتەوە، هەر وەها کورتەیەک لەبارەی ستراتیژ وسیاسەتی بکەرە سەرەکیەکانی ئەو ململانێیە دەخرێتە ڕوو:

١ -ئەمریکا: گرنگیدانی ئەمریکا بە گەرووی باب المندب، هۆکاری زۆرە، لێرەدا تەنها دوو هۆکاری دەخەینە ڕوو؛ یەکێکی گرنگیدانی ئەمریکایە بە زەریای هیندی، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئەمریکا بۆ ئەوەی وەک بەهەژموونترین زلهێز بمێنێتەوە لە جیهاندا، پێویستە هەژموونی هەبێت بەسەر زەریایی هیندی. (باب المندب) ودەریایی سوور وکەنداوی عەدەن ودەریایی عەرەب، بەش ولقی زەریایی هیندین. هەر وەها گەرووی باب المندب ودەریایی سوور، ڕێگەیەکی دەریایی سەرەکیە بۆ پەیوەندی ئیسرائیل بە جیهانەوە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٣ لە کاتی جەنگی نێوان میسر وئیسرائیل، میسر بە هاوکاری هەردوو دەوڵەتی یەمەن ( ئەو کات یەمەن دوو دەوڵەت بوو، یەمەنی باکور ویەمەنی باشوور) توانیان گەرووی باب المندب دابخەن بە ڕووی ئیسرائیل، بەوەش ئیسرائیل زیانێکی گەورەی کرد، نەوتی وەک پێویست پینەدەگەیشت، وەهەروەها بڕی ٧١٤ ملیۆن دۆلار زیان بەر ئیسرائیل کەوت بە هۆی داخستنی گەرووی باب المندب، هەر بۆیە ئیسرائیل داوای لە ئەمریکا کرد هاوکاری بکات وگەرووی باب المندب بکاتەوە، ئەمریکاش داواکەی جێبەجێ کرد (الزبيدي، ٢٠٢٠: ص ١٧٨-١٧٩). کەواتە باب المندب گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ئیسرائیل، ئاشکراشە ئیسرائیل لە نزیکترین دۆست وهاوپەیمانەکانی ئەمریکایە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەو بایەخە زۆرەی ئەمریکا کە بۆ ئەو گەرووە هەیەتی.

٢-چین: لە ئێستادا زۆرترین وڵاتی جیهان کە هەناردەی شمەک دەکات، بریتییە لە چین. ئەمە وادەکات چین پێویستیەکی گەورە هەبێت بە دەریا وزەریاکا وڕێڕەوە ئاوییەکان، چونکە کاتێک وڵاتێک زۆرترین شمەک هەناردەی دەرەوە دەکات، کەواتە پێویستە وزەیەکی زۆریش هاوردە بکات، هەردوو ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە دەریا وڕێڕەوە ئاوییەکان دەبەستێت. وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ڕێگە ئاوییەکان، بە تایبەت زەریایی هیندی بە لق وبەشەکانیەوە، بە ئەندازەیەکی زۆر لە ژێر هەژموونی ئەمریکایە. چین دەیەوێت هەژموونی هەبێت لە ڕێگا گرنگە بازرگانیەکان وەک گەرووی باب المندب، کە یەکێکە لە گرنگترین ڕێڕەوە ئاوییەکان بۆ چین، بە تایبەت بۆ هەناردە کردنی شمەک بۆ ئەوروپا وئەفریقیا وهەروەها یەکێکە لە ڕێگە سەرەکیەکانی پرۆژەی (ڕێگای ئاوریشمی نوێ)ی چینی. هەر بۆیە لە جیبۆتی بنکەی سەربازی هەیە ولە ئەسیوبیاش ئامادەبوونێکی گەورە هەیە لە ڕووی ئابوورییەوە، قەرزێکی زۆریشی داوە بەو دوو دەوڵەتە (Calabrese,2020)، هەر چەن ئەسیوبیا ناڕوانێتە سەر هیچ ڕێگەیەکی ئاوی، بەڵام دراوسێی ئەلیتریا وجیبۆتیە کە هەردووکیان دەڕواننە سەر گەرووی باب المندب. لە ساڵی ٢٠١٧، چین یەکەم بنکەی سەربازی خۆی لە دەرەوەی چین دامەزراند، ئەویش لە وڵاتی جیبۆتی بوو (العجولين، ٢٠١٩: ص١٤٠). ئەمە گرنگی ناوچەی باب المندب ودەریای سوور پێشان دەدات بۆ چین.

٣-سعودیە وئیمارات: ئەم دوو دەوڵەتە هاوپەیمانی یەکترن وبۆ هەندێ پرس ئامانجەکانیان لە یەکەوە نزیکە. هەردوو دەوڵەت، وەک پێشتر باسکرا، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە گەرووی هورمز دەبەستن بۆ هەناردە کردنی نەوت وبەرهەمە نەوتیەکانیان، ئاشکراشە هەناردە کردن لە گەرووی هورمزەوە بۆ ئەوروپا وهەندێ دەوڵەتی ئەفریقی وبەشێکی ئەمریکا، ئەوا لە ڕێگەی (باب المندب)ەوە ئەنجامدەدرێت. کەواتە گرنگی گەرووی هورمز، لە هەندێ ڕووەوە، تەواو پەیوەستە بە سەقامگیری گەرووی باب المندب، بۆیە ئەو وڵاتانەی کە پشت بە هورمز دەبەستن، لە هەمان کاتدا پشت بە (باب المندب)یش دەبەستن، بۆیە ئیمارات وسعودیە (بە تایبەت کە سعودیە دەڕوانێتە سەر دەریایی سوور لە ڕۆژئاواوە)، بایەخێکی گەورە دەدەن بە گەرووی باب المندب وناوچەی قەرنی ئەفریقی ویەمەن.

لەبەر ئەوەی ئێران لە ڕووی جوگرافیەوە زاڵە بەسەر گەرووی هورمز وزۆر کات هەڕەشەی داخستن وتێکدانی سەقامگیری دەکات لە هورمز، وڵاتانی تری نزیک لە هورمز،ساڵانێکی زۆرە هەوڵدەدەن ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ هەناردە کردنی نەوت وبەرهەمە نەوتیەکانیان بە بێ تێپەڕبوون بە هورمز، بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە هەڕەشە ومەترسیەکانی ئێران، تا ئێستا تەنها ئیمارات وسعودیە تا ڕادەیەکی کەم توانیویانە ڕێگەیەکی تر بدۆزنەوە بۆ هەناردە کردنی بەشێکی کەمی بەرهەمە نەوتیەکانیان بە بێ تێپەڕبوونی بە گەرووی هورمزدا، ئەویش لە ڕێگەی ڕاکێشانی هێلی بۆری نەوت، لە ئیماراتەوە بۆ کەنداوی عومان، لە سعودیەوە بۆ دەریایی سوور، لە ساڵی ٢٠١٨ بە هەردوو وڵاتەوە توانیان ٢.٧ ملیۆن بەرمیل نەوت لە

ڕۆژێکدا هەناردە بکەن بە ڕێگەی هێلی بۆری نەوت، بەڵام ئەگەر هەموو توانای ئەو هێلانە بخرێتە کار، ئەوا دەتوانرێت ڕۆژانە (6.8) ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکەن بە بێ تێپەڕبوون بە گەرووی هورمز (U.S. Energy Information Administration,2019)، ئەمەش هێشتا ڕێژەیەکی کەمە بە براورد بەو برە نەوتەی کە ڕۆژانە لە گەرووی هورمزەوە تێدەپەڕێت، کە دەکاتە ڕۆژانە ٢٠ ملیۆن بەرمیل.

کەواتە کاتێک سعودیە وئیمارات تا ڕادەیەک دەتوانن بێ گەرووی هورمز نەوتی خۆیان هەناردە بکەن وپلانیان هەیە هەناردەی نەوت لە ڕێگەی هێلی بۆریەوە زیاتریش بکەن، بەوەش تا ڕادەیەک ڕزگاریان دەبێت لە هەڕەشەکانی ئێران، بەڵام وەک باسکرا، بەشێکی نەوتی وڵاتانی کەنداو دەبێت لەڕێگەی (باب المندب)ە بگوازرێتەوە، بە تایبەت بۆ ئەوروپا، کەواتە بۆ ئیمارات وسعوودیە پێویستە باب المندب سەقامگیر بێت.

لە ساڵی ٢٠١١ یەمەن لەو دەوڵەتانە بوو کە کەوتە بەر شەپۆلی (بەهاری عەرەبی) لەو کاتەوە یەمەن تووشی قەیرانی ئاسایش وسەقامگیری بوو، ئەمەش ڕێگەی خۆش کرد کە وەک سووریا ولیبیا، ببێتە گۆڕەپانی ململانێی دەوڵەتانی بەهێز، بە تایبەت لە ٢٠١٥ەوە دوای هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی یەمەن، لە نێوان حوسیەکان بە پشتگیری ئێران، وحکومەتی یەمەنی بە پشتگیری سعودیە وئیمارات وهاوپەیمانیەکانیان. ئێران لە ڕێگەی حووسیەکانەوە هەژموونی خۆی گەیاندە باب المندب، لەوێش هەڕەشەی داخستنی باب المندب وتێکدانی سەقامگیری (باب المندب)ی دەکرد (العجولين، ٢٠١٩: ص١٥٣-١٥٤). سعودیە وئیمارات کە ساڵانێکە هەوڵدەدەن تا لە هەڕەشەکانی ئێران لە گەرووی هورمز ڕزگاریان بێت، لە پێناوی ئەوە هێلی بۆری نەوتیان دروست کرد وبە نیازن زیاتر گەشەی پێ بدەن، کەچی لە ئێستادا هەڕەشەکانی ئێران گەیشتوەتە (باب المندب)یش، ئەوەش مانای ئەوەیە، تەنانەت بە هێلی بۆری نەوتیش، ئیمارات وسعودیە ناتوانن لە هەڕەشە ومەترسیەکانی ئێران ڕزگاریان بێت.

بۆ ڕێگرتن لە هەژموونی ئێران بەسەر گەرووی باب المندب ودەریایی سوور، ساڵی ٢٠١٥ سعودیە بە فەرمی بەشدرابوونی خۆی لە شەڕی یەمەن ڕاگەیاند، چەندین بنکەی سەربازی لە ناو یەمەن درووست کرد (وكالة الصحافة اليمنية، ٢٠١٩). ئیماراتیش ئامادەبوونێکی سەربازی گەورەی هەیە لە یەمەن، لە دوورگەی (میون) بنکەیەکی سەربازی داناوە (الخليج أونلاين ، ٢٠١٨)، ئەو دوورگەیە دەکەوێتە ناوەڕاستی گەرووی باب المندب ودەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو دووگەیەوە گەرووی باب المندب کۆنترۆڵ بکرێت(الزبيدي،٢٠٢٠: ص١٥١). وەک پێشترین ئاماژەی پێدرا، ئیمارات لە ئەلیتریا وسۆماڵیش بنکەی سەربازی داناوە. بە کورتی باب المندب بۆ سعودیە وئیمارات بە ئەندازەیەک گرنگە، کە جەنگی بۆ هەڵدەگیرسێنن، وەک ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٥ەوە ئەو دوو دەوڵەتە لە یەمەن دەجەنگن.

٤-ئێران: بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەکەیەوە، ئێران هەژموونی هەیە بەسەر گەرووی هورمز، کە بەشێک لە هورمز سەر بە سنوری ئاوی ئێرانە. هەر وەها لە ڕێگەی حووسیەکانی یەمەنەوە، ئێران دەیەوێت هەژموونی هەبێت بەسەر گەرووی باب المندب، ئاشکرایە، گرنگی نۆکەندی سوێس، تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەستە بە گەرووی باب المندب، کەواتە ئەگەر ئێران گەرووی باب المندب لە ڕێگەی حووسیەکانەوە کۆنترۆڵ بکات، ئەوا هەژموونی دەبێت لە سێ ڕێڕەوی ئاوی، کە لە گرنگترین ڕێڕەوە ئاوییەکانن بۆ بازرگانی ووزە وکەشتی سەربازی .

ئێران لەبەر ئەوەی وڵاتێکی دەوڵەمەندە لە وزە (نەوت وگازی سروشتی) پێویستیەکی گەورەی بە ڕێڕەوە ئاوییەکانە بۆ هەناردە کردنی سەرچاوەکانی وزە، ئەو ڕێڕەوە ئاویانەش زیاتر لە ژێر هەژموونی نەیارەکانیەتی، وەک ئەمریکا ودەوڵەتانی کەنداو، بۆیە ئێران بە پێویستی دەزانێت هەژموونی هەبێت لەو ڕێگا ئاویانەی کە بە ئامرازی سەرەکین بۆ هەناردەکردنی بەرهەمەکانی خۆی بە تایبەت وزە، ئەمە ئێران دەکاتە دەوڵەتێکی بە هەژموون لەسەر ئاستی جیهان، چونکە هەر دەوڵەتێک هەژموونی هەبێت بەسەر ئەو ڕێڕەوە ئاوییە گرنگانە، ئەوا هەژموونی دەبێت بەسەر جیهاندا، بە تایبەت کە (هورمز، باب المندب، سوێس) بە ڕێگەی سەرەکی گواستنەوەی وزە دادەنرێن لە جیهاندا. لە لایەکی ترەوە ئێران ئەگەر هەژموونی هەبێت لەو ڕێڕەوە ئاوییانە، دەتوانێت هەڕەشەی داخستن وتێکدانی سەقامگیری ئەو ڕێڕەوە ئاویە گرنگانە بکات، ئەوەش وەک کارتێکی فشار بەکاردەهێنێت دژ بە ئەمریکا ورۆژئاوا وزۆرێک لە دەوڵەتانی عەرەبی بە تایبەت سعودییە. چونکە وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، داخستن یا دروستکردنی نا سەقامگیری لەو ڕێڕەوە ئاویانە، دەکرێت ببێتە مایەی قەیرانێکی گەورەی ئابووری لە جیهان.

ئەوەی لەم بەشەدا بە شێوەیەکی کورت وخێرا خرایە ڕوو لە بارەی گەرووی هورمز وباب المندب، گرنگی گەرووە ئاوییەکانی پیشاندا لە جیهاندا، کە گرنگیەکی گەورەی ئابووری وسیاسی وجیوپۆلەتیکی هەیە، کە دەوڵەتان ئامادەن جەنگی لە پێناودا هەڵگیرسێنن.

### بەشی دووەم: گەرووی مەلەکە(Strait of Malacca)

ئەم بەشە تایبەتە بە گەرووی مەلەکە، هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم گەرووە وگرنگیەکەی دەخرێتە روو، هاوکات ئاماژە بە رۆل وپێگەی ئەم گەرووە دەکرێت لە پەیوەندی یاخود لە ململانێی نێوان ئەمریکا وچین.

**نەخشەی (4)**




سەرچاوە: Fandom, the Strait of Malacca

### ١.٢ .هەڵکەوتەی جوگرافی گەرووی مەلەکە وگرنگیەکەی

مەلەکە دەکەوێتە نێوان سنوری ئاوی سێ دەوڵەت؛ مالیزیا، ئەندەنۆسیا، سەنگاپۆر، درێژی ئەم گەرووە (٨٠٠کم)ە، لەرووی پانابیەوە، تەسکترین و فراوانترین شوێنی لە نێوان (٥٠-٣٢٠کم)ە لەرووی قووڵایەوە، لە تەنکترین تا قووڵترین خاڵی لە نێوان (٢٥- ١١٤م)یە (بلمادي، ٢٠١٥: ص١٥). گەرووی مەلەکە زەریایی هیندی دەگەیەنێت بە دەریایی باشووری چین وزەریایی ئارام، ساڵانە زیاد لە (٥٠) هەزار کەشتی پیایدا تێدەپەرێت، کە دەکاتە یەک لەسەر سێی کۆی ئەو بازرگانییەی کە بە رێگەی ئاوي ئەنجامدەدرێت لە جیهاندا (Solvay,2008: pp. 1-2,12).بۆ نموونە تەنها لە ساڵی ٢٠٠٧، ژمارەی ئەو کەشتیانەی کە لەم گەرووە دەریابیەدا تێپەریون گەیشتە (70.718) هەزار کەشتی.(Ismail & Sani,2010:p85) لە ساڵی ٢٠١٨ گەیشتە (85.30) هەزار کەشتی (Jariodm2019: p.21)لەنێوان (٢٠-٢٥٪)ی کۆی کەشتیوانی (الملاحة) نێودەوڵەتی لەم گەرووەدا تێدەپەرێت(عباس عبد وكیطان،٢٠١٩،ص ٦). ئەم گەرووە رێگەی سەرەکیە لە نێوان بەرهەمێنەرە سەرەکیەکانی وزە (نەوت وگازی سروشتی) لە رۆژهەڵاتی ناوەراست وئەفریقیا لەگەڵ دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکانی رۆژهەڵات وباشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا وەک چین (هۆنگ کۆنگ وتایوان) وژاپۆن کۆریایی باشور وسەنگاپۆرە.. واتە مەلەکە خاڵی بە یەک گەیشتنی فرۆشیاران وکرپارانی وزەیە. هەر وەها رێگەی سەرەکی گەیشتنی ئەوروپا وئەفریقیا وهندستان ورۆژهەڵاتی ناوەراستە بە رۆژهەڵات وباشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا لە رێگەی ئاوییەوە .

وەک لە خشتەی ژمارە یەک خراوەتە روو، گەرووی مەلەکە لە دوای گەرووی هورمز، بە دووەم گرنگترین گەرووی جیهان دادەنرێت لە رووی قەبارەی گواستنەوەی وزە، لە نێوان (٨٠-٩٠٪)ی ئەو وزەیەیی کە ژاپۆن وچین وکۆریایی باشوور وتایوان هاوردەی دەکەن، لە رێگەی گەرووی مەلەکەوە تێدەپەرێت بۆ (بلمادي،٢٠١٥:ص١٥). بەدەر لە گواستنەوەی وزە، مەلەکە گرنگیەکی گەورەی هەیە لە گواستنەوەی شمەک بە گشتی، رێگەیەکی سەرەکی بازرگانیە لە جیهاندا، لە ٦٠٪ی بازرگانی لە دەریا وزەریاکاندا، بە گەرووی مەلەکە تێدەپەرێت .(Jariodm2019: p.1)پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، کە لە٩٠٪ بازرگانی لە جیهاندا، بە رێگەی کەشتی ئەنجامدەدرێت، لە ٦٠٪ی ئەو بازرگانیەیی کە بە رێگای ئاویدا ئەنجامدەدرێت، بە گەرووی مەلەکەدا تیدەپەرێت، بەپێێ هەندێ سەرچاوە لە٤٠٪ی قەبارەی بازرگانی جیهان بە گەرووی مەلەکەدا دەگوازرێتەوە(یون لینغ،٢٠١٧:ص٤٤٧) ئەمەش گرنگی ئەو گەرووە پیشان دەدات لە رووی ئابووری وئاسایشی وزەوە.

بەشێکی تری گرنگی گەرووی مەلەکە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە دەکەوێتە ناوچەیەکەوە، بە ناوچەیەکی زۆر چڕ دادەنرێت لە رووی دانیشتوانەوە، ئەو وڵاتانەی کە دەکەونە دەوروبەر ونزیکی گەرووی مەلەکە وئەو وڵاتانەی کە ئەم گەرووە وەک رێگەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنن، کۆمەڵێک وڵاتی زۆر گەورەن لە رووی دانیشتوانەوە (واتە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا وباشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا وباشووری ئاسیا)، بۆ نموونە هیندستان وچین، بە پێی داتای ٢٠١٩، هەردووکیان بە یەکەوە لە ٣٧٪ی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی پێکدەهێنن، چین ژمارەی دانیشتووانەکەی لە دەوروبەری (1.4)ملیارە هیندستان لە دەوروبەری (1.3) ملیارە، واتە هەردووکیان بە یەکەوە ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە (2.7) ملیار (Ella Hurworth,2019).هەر وەها دەوڵەتانی ئەندامی رێکخراوی دەوڵەتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا (ئاسیانASEAN )/کە ژمارەیان ١٠ دەوڵەتە (ئەندەنوسیا، مالیزیا، سەنگاپورە، برۆنای، لاوس، فێتنام، فلیپن، ماینمار، تایلاند،کەمبۆدیا) کە سێ دەوڵەتیان سەروەریان بەسەر گەرووی مەلەکەدا هەیە (ئەندەنۆسیا، مالیزیا، سەنگاپۆرە). ئەو ١٠ وڵاتە بە پێی داتای ٢٠١٨ ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە (649.1)ملیۆن The )

(ASEAN Secretariat,2019: p.1). هاوکات، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ژاپۆن وکۆریایی باشووریش لەو دەوڵەتانەن کە زیاتر پشت بە گەرووی مەلەکە دەبەستن بۆ بازرگانی،جگە لەوانەش، چەندین دەوڵەتی تر هەن لەو ناوچەیە، وەک سریلانکا وبەنگلادیش... بە کورتی ئەو وڵاتانەی لەو ناوچەیەن ژمارەی دانیشتوانیان نزیک دەبێتەوە لە چوار ملیار. ئەم قەبارە گەورەیە لە دانیشتوان، وا دەکات ئەو ناوچەیە هەنارده وهاوردەی شمەکی زۆر بێت، ئاستی بەرهەمهێنان وپێداویستی بەرز بێت، بەوەش پێویستیەکی زۆریان بە بازرگانی دەبێت بۆ هەناردەی شمەکی خۆیان وهاوردەی پێداویستیەکانی خۆیان. بۆ نموونە، بە پێی داتای (2018)، چین یەکەم وڵاتە لە جیهاند لە قەبارەی هەناردەکردنی شمەک ودووەم وڵاتە لەقەبارەی هاوردەکردن، ژاپۆن چوارەمە لە هەناردەکردن وهاوردەکرن، کۆریایی باشوور شەشەمین وڵاتە لە هەناردەکردن ونۆیەمینە لە هاوردەکردن (Desjardins,2019). گەرووی مەلەکەش ڕێگایەکی سەرەکی زۆربەی دەوڵەتانەی ئەو ناوچەیەیە بۆ پرۆسەی هەناردە کردن وهاوردەکرن.

لەبەر ئەو گرنگیە جیوپۆلەتیکی وجیوئابووریەیی گەرووی مەلەکە هەیەتی، چەندین دەوڵەت هەوڵی ئەوە دەدەن هەژموونی خۆیان لەو گەروەدا هەبێت، لەوانە ئەمریکا وچین وهیندستان وژاپۆن. هیندستان دەڕوانێتە سەر زەریایی هیندی وگەرووی مەلەکە دەروازەی سەرەکی هیندستانە بۆ زەریایی ئارام، زیاد لە ٥٠٪ی بازرگانیەکەی پشت بە گەرووی مەلەکە دەبەستێت(Ismail& Sani,2010:p.95) ، بۆیە هیندستان ئاسایش وئارامی گەرووی مەلەکە بە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت. بۆ ئەو مەبەستەش هیندستان ساڵانێکی زۆرە هەوڵی بەهێزکردنی هێزی دەریایی خۆی دەدات، ئامانجێکی سەرەکی لەو ستراتیژە، پاراستن و چاودێری گەرووی مەلەکەیە، ئەمەش بە هاوکاری ئەمریکا(Ismail& Sani,2010:p96-97)، ئەم ستراتیژەی هیندستان کە بریتییە لە بەهێزکردنی هێزی دەریایی، دوو مەبەستی هەیە، مەبەستێکی ئاشکرایە ولەبەر پاراستنی گەرووی مەلەکە لە هێرش ودەستی چەتەکانی دەریا وکاری تیرۆریستی، چونکە گەرووی مەلەکە یەکێکە لەو ناوچانەی کە چەتەکانی دەریا تیایدا چالاکن، بۆ نموونە لە نێوان ساڵانی (2000-2014) چەتەکانی دەریا (2013) جار هێرشیان کردوەتە سەر کەشتیەکان لە گەرووی مەلەکە (عباس عبد وکیطان، ٢٠١٩: ص١٩). مەبەستی شاراوەی هیندستان لە بەهێزکردنی هێزی دەریایی، بۆ ئەوەیە گەرووی مەلەکە وەک کارتێکی فشار بەکاربهێنێت دژ بە چین، چونکە ئاشکرایە چین وهیندستان کێشەی سیاسی بەردەوامیان هەیە بە تایبەت لەسەر پرسی سنور، چین بە ئەندازەیەکی گەورە پشت بە گەرووی مەلەکە دەبەستێت بۆ بازرگانی، هەر بۆیە هیندستان دەیەوێت هەژموونی هەبێت بەسەر شادەماری بازرگانی چین، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بتوانێت هەڕەشە لە ئابوری چین بکات، کە هەڕەشەیە لە ئاسایشی نەتەوەیی چین. لە لایەکی تر، بۆ ئەوەیە ئەو گەرووە لە هەژموونی چین بپارێزێت وڕێگایەکی سەرەکی بازرگانی هیندستان، نەکەوێتە ژێر هەژموونی چین.

ژاپۆن یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بایەخێکی گەورە دەدات بە گەرووی مەلەکە. ژاپۆن وڵاتێکی پیشەسازی گەورەیە، پێویستیەکی زۆری بەهاوردەکردنی وزە (نەوت وگازی سروشتی) هەیە، لە٨٠٪ی ئەو هاوردەیە لە گەرووی مەلەکەوە پێیدەگات، هەر وەها لە ٥٠٪ی هەناردەکانی ژاپۆن بۆ جیهان هەر لە گەرووی مەلەکەوە تێدەپەڕیت (عباس عبد وکیطان، ٢٠١٩: ص١٣). بۆیە ژاپۆن هەمیشە هەوڵێکی گەورە دەدات کە ئاسایشی گەرووی مەلەکە پارێزراو بێت لە هێرشی چەتەگەری وتیروریستی، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێکەوتنامە ولەیەکتێگەیشتنی ئەنجامداوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دەڕواننە سەر گەرووی مەلەکە ووڵاتانی نزیک لە گەرووەکە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەتەکانی دەریا (Ismail& Sani,2010:p90-95)، بێ گومان ئامانجێکی تری ژاپۆن ئەوەیە گەرووی مەلەکە نەچێتە ژێر هەژموونی چین، کە هەردوو دەوڵەت پەیوەندیەیەکی مێژوویی پڕ لە ناکۆکیان هەیە.

جگە لە ژاپۆن وهیندستان، دەوڵەتانی تریش هەن دەیانەوێت هەژموونیان هەبێت بەسەر گەرووی مەکەلە وەک ئەو سێ دەوڵەتەی کە دەڕواننە سەر گەرووەکە، تەنانەت ئوسترالیا هەمان ویستی هەیە، بەڵام ململانێی سەرەکی لەسەر مەلەکە لە نێوان ئەمریکا وچینە، کە لە دەروازەی دووەمی ئەم بەشە لەبارەیەوە دەدوێین.

وەک دەردەکەوێت، گەرووی مەلەکە بە یەکێک لە هەستیارترین وگرنگترین ناوچەکانی جیهان دادەنرێت، لەو وڵاتانەی کە مەبەستیانە گەرووی مەلەکە کۆنترۆڵ بکەن، سێ دەوڵەتیان خاوەن چەکی ئەتۆمین (ئەمریکا،چین، هیندستان) ئەگەر دەوڵەتێکی وەک پاکستانیش لەبەرچاو بگرین، کە دراوسێی هندستان وچینە، وکێشەی قووڵی لەگەڵ هیندستان هەیە، ولەگەڵ چین لە چوارچێوەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، ڕێکەوتنی هەیە –دواتر ئاماژەی پێدەکرێت- دەکرێت پاکستانیش لە دژی هیندستان بچێتە پاڵ چین، بە تایبەت کە پاکستانیش دەڕوانێتە سەر دەریایی عەرەب کە

بەشێکە لە زەریایی هیندی، دەتوانێت هاوکاری چین بکات لەو ململانێیەیی لەسەر گەرووی مەلەکە هەیە، ئەو کات لەو دەوڵەتانەی کە دەیانەوێت هەژموونیان هەبێت بەسەر مەلەکە، چوار دەوڵەتیان خاوەن چەکی ئەتۆمین. ئەمەش هەستیاری وگرنگی جیوپۆلەتیکی پرسی گەرووی مەلەکە دەردەخات.

## ٢.٢ .گەرووی مەلەکە وململانێی ئەمریکا وچین

لە ئیستادا ململانێ وکیبرکێی ئەمریکا وچین ئەگەر گرنگترین پرسی سیاسی نەبێت لە جیهاندا، ئەوا یەکێکە لە گرنگترینی، پەیوەندی وململانێی نێوان ئەمریکا وچین  چەندین ڕەهەندی هەیە ولەسەر چەندین پرس وبابەتە. بیرمەندی ئەمریکی ئەبراهام ئەلیسۆن پێی وایە ئەگەر ئەمریکا وچین بەم شێوەیە بمێننەوە ولەسەر ئەم ئاڕاستەیە برۆن لە سیاسەتکرنیان بەرامبەر یەکتر، ئەوا  هەردوو دەوڵەت بەرەو جەنگ دەڕۆن (ألیسون، ٢٠١٨: ص٢٣). ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە باس لە ململانێی ئەمریکا وچین بکەین لە چەندین ڕەهەندەوە ویا بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو مەبەستی ئەم توێژینەوەیە تەنها ئەوەیە؛ کە تیشک بخاتە سەر یەک لایەنی ئەو ململانێیە، ئەویش ململانێی ئەمریکا وچینە لەسەر کۆنترۆڵ کردن وسەپاندنی هەژموونی خۆیان لە دەریا وزەریاکاندا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ململانێیەکی فراوان وئاڵۆزە، بۆیە بەشێک یا لقێک لەو ململانێیە دەبێتە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، ئەویش ململانێی چین وئەمریکایە لەسەر گەرووی مەلەکە.

### ٢.٢.١ گرنگی مەلەکە بۆ ئەمریکا

ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە وبە تایبەت لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد وبوونی ئەمریکا بە تاکە جەمسەری جیهان، ئەمریکا بایەخێکی گەورەی دا بە کۆنترۆڵکردنی دەریا وزەریاکان بە تایبەت زەریایی هیندی وئارام. زەریای هیندی گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ بازرگانی وبازاڕی وزە، بۆ نموونە نزیکەی لە٨٠٪ی وزەی گواستراوە بە کەشتی لە جیهاندا بە زەریایی هیندیدا تێدەپەڕێت، هەر وەها سێ گەرووی گرنگی وەک هورمز وباب المندب ومەلەکە (دەروازەیەکی مەلەکە) دەکەونە زەریایی هیندی (DeSilva, 2011). جگە بۆ وزە، بۆ بازرگانی وهاتوچۆی سەربازیش، بە گشتی، زەریایی هیندی گرنگیەکی گەورە هەیە. سەبارەت بە زەریایی ئارام، ئەوا بە گەورەترین پانتایی ئاوی دادەنرێت لەسەر گۆی زەوی، لە٢٨٪ی گۆی زەوی پێکدەهێنێت، لە٤٦٪ی ڕووبەی ئاوی سەر گۆی زەوی پێکدەهێنێت (Geography Realm,2020)، هەر وەها ئەمریکا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی دەڕوانێتە سەر زەریایی ئارام و پێویستە زۆرترین هەژموونی لەو زەریایدا هەبێت، هاوکات دەریایی باشووری چین، بەشێکە لە زەریایی ئارام -دواتر ئاماژە بە گرنگی ئەم دەریایە دەدەین بۆ هەریەک لە ئەمریکا وچین-. پێشتر ئاماژە درا بە هەژموونی ئەمریکا لە زەریایی هیندی لە ڕێگەی چەندین بنکەی سەربازی لە زەریایی هیندی ولق وبەشەکانی ئەو زەریایە. لە زەریایی ئارامیش بەهەمان شێوە چەندین بنکەی سەربازی گەورەی هەیە، وەک بنکەی سەربازییەکانی لە دوورگەی هاوای ودوورگەی گوام کە دوو دورگەی ئەمریکین ودەکەونە زەریایی ئارام، هەر وەها بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ژاپۆن وکۆریایی باشور وسەنگاپۆر Sushentsov,2013)).

بە گشتی، ئەمریکا دەیەوێت هەژموونی خۆی بپارێزێت بەسەر دەریا وزەریاکاندا، چونکە بۆ ئەوەی ئەمریکا وەک گەورەترین وکاریگەرترین زلهێزی جیهان بمێنێتەوە، کە ئەمە ئامانجی سەرەکی ئەمریکایە، پێویستە زۆرترین هەژموونی هەبێت بەسەر زەریا ودەریا وگەرووە ئاوییەکان. لەو بارەیەوە کەسایەتیەکی سەربازی ئەمریکی ونووسەری دیاری بواری جیوپۆلەتیک ئەلفرید ماهان (١٨٤٠-١٩١٤) پێیوایە کە گرنگترین وسەرەکیترین هێزی دەوڵەت بریتییە لە هێزی دەریایی، بۆ ئەوەی دەوڵەتێک ببێتە بەهێزترین دەوڵەت لە جیهاندا، ئەوا پێویستە زۆرترین هەژموونی هەبێت لە دەریا وزەریاکاندا. لای ئەو، ئامرازی یەکەمی سیاسەت وهێز بریتییە لە بازرگانی، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، پرۆسەی بازرگانی لە ڕێگەی دەریا وزەریاکانەوە ئەنجامدەدرێت بە شێوەیەکی سەرەکی، بۆ کۆنترۆڵکردن وپاراستنی بازرگانی جیهانی، ئەوا دەوڵەتی زلهێز پێویستە بەهێزترین هێزی دەریایی هەبێت ودەریا وزەریاکان کۆنترۆڵ بکات، هەر بۆیە ئەو بیرمەندە هەمیشە ئەمریکای هاندەدا کە بایەخ بە هێزی دەریایی بدات وهەژموونی هەبێت لە زەریا ودەریاکانی جیهاندا، ئەمریکا بە تایبەت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی وبە تایبەتر لە دوای تەواوبوونی جەنگی ساردەوە تا ئەمرۆ، بە شێوەیەکی گەورە هەوڵی جێبەجێ کردنی تیۆرییەکەی ئەلفرید ماهانی داوە (دوغین،٢٠٠٤، ص٩٤-١٠١). گەرووی مەلەکەش لە چوارچێوەی ئەم سیاسەت وستراتیژیەیی ئەمریکا، گرنگیەکی گەورەی هەیە.

گەرووی مەلەکە سەرەکیترین گەرووە بۆ بەستنەوە وگەیاندنی زەریایی هیندی وزەریایی ئارام، بۆ ئەوەی ئەمریکا هەژموونی هەبێت بەسەر ئەو دوو زەریایە، پێویستە هەژموونی هەبێت لە گەرووی مەلەکە، هەر وەها وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، چەندین دەوڵەتی هاوپەیمانی ئەمریکا، وەک ژاپۆن، کۆریایی

باشوور، هیندستان و سەنگاپۆرە وتایوان... ئابووریەکانیان پشت بەو گەرووە دەبەستێت، ئەمریکا بۆ پاراستنی هاوپەیمانە گرنگەکانی لە هەژموونی چین وهەر هەڕشەیەکی تر، پێویستە لەو گەرووە ئامادەیی هەبێت، هەر بۆیە لە سەنگاپۆر کە دەڕوانێتە سەر ئەو گەرووە، بنکەی سەربازی هەیە. لەگەڵ بوونی چەندین بنکەی سەربازی ئەمریکا لە زەریایی ئارام کە بەشێک لە ئەرکەکانیان پاراستنی هەژموونی ئەمریکایە بەسەر گەرووی مەلەکە، هەوڵی زیاتر بەهێز کردنی گەشتیگەڵی سەربازی خۆی دەدات لەو ناوچەیە، هاوکات هەوڵدانی بەردەوامی بۆ نزیکردنەوەی دەوڵەتانی تری ناوچەکە (بە تایبەت دەوڵەتانی ئەندام لە ئاسیان) لە خۆی وکردنیان بە هاوپەیمانی ئەمریکا .(Cronin,2019: pp.15-17) ئەمەش بۆ ئەوەی دەوڵەتانی نزیک گەرووی مەلەکە، زۆربەیان هاوپەیمانی ئەمریکا بن وئەمریکا ئاسانتر بتوانێت لەو ناوچەیە هەژموونی خۆی بپارێزێت.

ئامانجێکی تری ئەمریکا بۆ بایەخدان بە گەرووی مەلەکە، بریتییە لە چین. دوای ئەو گەشەکردنە خێرایەیی چین لە بواری ئابووری وسەربازی لە سەدەی ٢١، سەرۆکی ئەمریکا بارک ئۆباما لە ساڵی ٢٠١١ بڕیاریدا ستراتیژی ئەمریکا بگۆڕێت، بەوەی کە قوورسایی ئابووری وسیاسی وسەربازی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بگوازێتەوە بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ئاسیا وزەریایی ئارام(إسراء الحسيني، ٢٠١٨: ص٢٢٢)، هەر بۆیە بە پێی داتای ٢٠١٢، لە ٦٦٪ی هێزی دەریایی ئەمریکا لە زەریای ئارامن، ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ گەشەکردنی خێرای چین .(Sushentsov,2013)چونکە ئیتر هەڕەشەی ڕاستەقینە لە پیگە وهەژموونی ئەمریکا لە جیهاندا، لە چینەوە دێت، لە زەریایی ئارام ورۆژهەڵاتی ئاسیاوە، نەک لە ناوچەکانی تر .

چین لە ٨٠٪ی ئەو وزەیەیی کە هاوردەی دەکات لە گەرووی مەلەکەوە تیدەپەڕێت (Anwar,2019) کە دەکاتە ٤٠٪ی پێداویستی چین بۆ وزە(Potter,2012) ، هاوکات، بەشێکی گەورەی ئەو شمەک وبەرهەمانەی کە چین بەڕێگای دەریایی هەناردەی دەرەوەی دەکات بۆ ئەوروپا وهیندیستان ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئەفریقیا وبەشێک لە ئەمریکا، لە گەرووی مەلەکەوە ئەنجامی دەدات. ئەم گەرووە لە ئێستادا کورترین وسەرەکیترین ڕێگایی دەریاییە لە نێوان چین وئەو ناوچانە .(Anwar,2019) کەواتە بەشێکی سەرەکی ئابووری وبازرگانی چین، پەیوەستە بە گەرووی مەلەکە، داخستنی گەرووی مەلەکە بە ڕووی کەشتیەکانی چین، دەبێتە قەیرانێکی گەورە بۆ ئابووری چین، ئاشکراشە، سیاسەت وهەژموونی چین لە جیهاندا، بە پلەی یەک، پشت بە ئابووریەکەی دەبەستێت. لێرەوەیە، ئەمریکا دەیەوێت هەژموونی هەبێت لە گەرووی مەلەکە، بۆ ئەوەی وەک کارتێکی فشار بەکاری بهێنێت دژ بە چین، یاخود لە کاتی پێویستدا داخستنی ئەو گەرووە وەک هەڕەشە لە چین بەکار بهێنێت.

گەرووی مەلەکە زەریایی هیندی دەبەستێتەوە بە دەریایی باشووری چین، کە بەشێکە لە زەریایی ئارام، چین ئەم دەریایە بە گرنگترین ڕێگەی ئاویی خۆی دادەنێت بۆ گەیشتن بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئەوروپا وئەفریقیا، بە پێی داتای ٢٠١٦، لە ٦٤٪ بازرگانی دەریایی چین بەم دەریایەدا تێپەڕیوە .(ChinaPower,2016)بۆ ئەوەی کەشتیەک لە دەریایی باشووری چینەوە بگاتە ئەو ناوچانە، دەبێت بە گەرووی مەلەکە تێپەڕێت، بۆیە چین بە بێ هەژموونی بەسەر گەرووی مەلەکە ناتوانێت هەژموونی گەورەی هەبێت بەسەر دەریایی باشور، یا سوودی تەواوی لێ ببینێت. هەر وەها یەدەگێکی گەورە لە نەوت وگازی سروشتی لەم ناوچەیە بوونی هەیە، ئەمەش بۆ دەوڵەتێکی پیشەسازی گەورەی وەک چین کە بڕێکی زۆر لە وزە لە دەرەوە هاوردە دەکات، گرنگیەکی گەورەی دەبێت، هەر وەها ساڵانە بە بەهای زیاد لە ((5.3 تریلیۆن دۆلار شمەک لەم دەریایەدا تێدەپەڕێت (رشا زيدان، ٢٠٢٠: ص١٧٦-١٧٧). بە کۆنترۆڵ کردنی گەرووی مەلەکە، تا ڕادەیەکی زۆر، دەکرێت ئەم دەریایەش کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە چین لەم دەریایەوە دەگات بە مەلەکە، گەرووی مەلەکەش دەرازەی سەرەکیە بۆ چین بە گەیشتن بە ئەوروپا ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئەفریقیا وبەشێک لە ئەمریکا، بۆیە بە داخستنی گەرووی مەلەکە، ئەوا دەریایی باشووری چین، گرنگیەکی گەورە لە دەست دەدات بەوەی ئیتر چین ناتوانێت لە ڕێگەی ئەو دەریایەوە بگاتە ئەوروپا ناوچەکانی تر بەو کات وتێچوونەی کە لە کاتی ئاساییدا هەیە .

ئەوەی لەسەرەوە باسکرا هۆکاری سەرەکی گرنگیدانی ئەمریکایە بە گەرووی مەلەکە، ئەگەر نا خودی بازرگانی وئابووری ئەمریکا، یاخود بازرگانی نێوان ئەمریکا ودەوڵەتانی ئەو ناوچەیە، بە تایبەت چین وژاپۆن، لەوەدا ئەمریکا کەم پشت بە گەرووی مەلەکە دەبەستێت، چونکە بۆ ئەوەی ئەمریکا بگات بەو دەوڵەتانە لە ڕێگەی دەریاوە، ئەوا دەتوانێت بە زەریایی ئارامدا ڕاستەوخۆ پێیان بگات بێ تێپەڕبوون بە زەریایی هیندی وگەرووی مەلەکە، واتە لە ڕووی هاتوچۆی بازرگانیەوە، ڕاستە ئەمریکا پێویستی بەو گەرووە هەیە بۆ

پەیوەندی نیوان بەشێک لە ناوچەکانی ئەمریکا وئاسیا، بەڵام بە رادەیەکی زۆر کەمتر بە براورد بە پێویستی چین وژاپۆن ودەوڵەتانی تری ناوچەکە بەو گەرووە (Gilmartin,2008: pp.19-20 ). گرنگیدانی ئەمریکا بۆ ئەو گەرووە ڕەهەندی جیوپۆلەتیکی وجیوستراتیژی گەورەی هەیە نەک تەنها بازرگانی، هەر بۆیە هەندێک لە چاودێران پێیانوایە گەرووی مەلەکە پەیوەندی گرنگی بە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاوە هەیە (Gilmartin,2008: p)سەرەرای ئەوەی لە ڕووی جوگرافیەوە ئەمریکا زۆر دوورە لەو گەرووە.

### ٢.٢.٢ گرنگی مەلەکە بۆ چین

مەلەکە وەک شادەماری ئابووری چین دادەنرێت. تێڕوانین وستراتیژی چین بۆ گەرووی مەلەکە، دەکرێت بکرێت بە دوو بەش یا دوو شێواز لە ستراتیژ؛ یەکێکی ئەوەیە، کە چین دەیەوێت هەژموونی خۆی بسەپێنێت بەسەر گەرووی مەلەکە وهەژموونی ئەمریکا کەمبکاتەوە لەوێ. ستراتیژەکەی تر بریتییە لە دۆزینەوە ودرووستکردنی ڕێگا وڕێڕەوی تر دوور لە مەلەکە، واتە دۆزینەوەی ئەلەتەرناتیف (بدیل) بۆگەرووی مەلەکە. دواتر هەردوو ئەم ستراتیژە باس دەکرێت، بەڵام پێش چوونە سەر ئەو بابەتە، پێویستە ئاماژەیەکی گشتی وخێرا بە چین بدەین.

ئاشکرایە چین خاوەن مێژوو وشارستانیەکی دێرین وگەورەیە. چینیەکان لە ڕابووردوودا وا خۆیان بینیوە کە وڵاتەکەیان ناوەندی جیهانە ولەسەرووی هەموو مرۆڤ وڵاتێکی ترەوەن، باوەڕیان وابووە کە ئیمپراتۆری چین وەک کەسی یەکەمی جیهانە وئەوەی لە ژێر ئاسمانە ئەو حوکمی دەکات (کیسنجر،٢٠١٥:ص٢١١-٢١٢) چینیەکان فیز وهەستێکی شانازی گەورەیان هەبووە وخۆیان لە گەلانی تر بە باڵاتر زانیوە، ئەم هەستە بەردەوام دەبێت تا سەدەی ١٩، کاتێک بەریتانیا لە جەنگی یەکەمی ئەفیون (١٨٤٠-١٨٤٢) وجەنگی دووەمی ئەفیون (١٨٥٦-١٨٦٠) سەردەکەوێت بەسەر چین وبەشێکی وڵاتەکە داگیر دەکات وناچاری سازش وڕێکەوتنیان دەکات، دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٩٤ ژاپۆن بەشێکی چین داگیر دەکات، پاشان لەسەدەی بیست چین بە هۆی شەڕی ناوخۆە بەردەوام دەبێت لە لاوازی وپەرتەوازەیی(ألیسون، ٢٠١٨:ص٢٣١-٢٣٢)، ئەم دۆخە بەردەوام دەبێت تا ساڵی ١٩٤٩ کە شۆڕشەکەی ماو تسی تۆنگ سەردەکەوێت وچین سەروەری بەدەست دەهێنێتەوە. چینیەکان بەو ماوەیەی نێوان (١٨٤٠-١٩٤٩) دەڵێن (سەدەی زەلیلی) ئەو سەدەیە هەست وکەرامەتی چینیەکانی بریندار کرد، بۆیە لە ساڵی ١٩٤٩وە ئیتر چینیەکان دەیانەوێت قووڕسایی وگەورەیی خۆیان بەدەست بهێننەوە وجارێکی تر هیچ دەوڵەتێکی تر نەتوانێت چین ملکەچ بکات وداگیری بکات.

بۆ ئەو مەبەستەش چین پێویستە هێزی سەربازی خۆی بەهێز بکات وبەتایبەت هێزی دەریایی. چونکە هەموو ئەو داگیرکاری وهێرشانەی لە ماوەی سەدەی زەلیلی کرایە سەر چین، لە ڕێگەی دەریا وهێزی دەریاییەوە ئەنجامدران، هەر بۆیە یەکێک لە لێکۆڵەرە چینیەکان دەڵێت "بایەخنەدانمان بە زەریاکان هەڵەیەکی مێژوویی بوو، لە ئێستا ولەئایندەش باجی ئەو هەڵەیە دەدەین"(ألیسون، ٢٠١٨: ٢٦١). لە ساڵی ١٩٩٦، کاتێک چین ترسی هەبوو لەوەی تایوان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوبنێت، هەستا بە ئەنجامدانی نمایش کردنی مووشەکەکانی خۆی، چەندین مووشەکی ئاڕاستەی تایوان کرد، ئەمریکاش کە هاوپەیمانی تایوانە، کەشتیگەلی خۆی نارد بۆ ناوچەکە، چین ناچار بوو بکشێتەوە ومووشەک بارانەکەی بوەستێنێت، ئەمەش دیسانەوە سەدەی زەلیلی بیر چینیەکان خستەوە بەوەی تا ئێستاش سەروەری تەواویان نییە، چونکە چین، تایوان بە بەشێک لە خۆی دەزانێت، بەڵام ئەمریکا، ئەو کات چینی ناچار کرد، مووشەکبارانەکانی بوەستێنێت(ألیسون، ٢٠١٨:ص ٢٥٩) ئەو ڕووداوەش دیسانەوە ئەوەی بیر چینیەکان هێنایەوە، کە هێزێ دەریایی ئەمریکا، چینی ناچار کرد مووشەکبارانەکانی سەر تایوان ڕابگرێت. کەواتە چین تا هەژموونی نەبێت بەسەر دەریا وزەریاکان، بە تایبەت دەریایی باشووری چین، کە تایوانیش دەڕوانێتە سەر ئەو دەریایە، ناتوانێت ببێتەوە بەو چینە مەزنەی کە بە درێژایی هەزاران ساڵ بوونی هەبووە .

تاکە سنووری ئاوی چین بە دەریای (چین)ەوەیە؛ دەریای باشوور ودەریای ڕۆژهەڵاتی چین، هەردوو دەریاکەش لە ڕیگەی گەرووی تایوانەوە بە یەکەوە دەبەسترێنەوە. لە دەریایی باشوورەوە، بە تێپەڕبوون بە گەرووی مەلەکە، دەگات بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئەفریقیا وئەوروپا... ،بۆیە کۆنترۆڵکردنی دەریای باشوور، هەنگاوی سەرەکی چینە، دەریایی باشووریش بە بێ کۆنترۆڵکردنی گەرووی مەلەکە، قوورسە.

چین دوو ستراتیژی هەیە بۆ گەرووی مەلەکە؛ دانەیەکی ئەوەیە کە هێزی دەریایی خۆی بەهێز بکات لە دەریا وزەریاکان، بۆ ئەوەش ستراتیژی (ملوانکەی مرواری) داناوە، چین لە ڕێی ئەم ستراتیژەوە دەیەوێت هێزی دەریایی خۆی بەهێز بکات لە زەریایی ئارام وهیندی، بەڵام بۆ ئەوە سەرەتا پێویستە لە دەریای چینەوە دەست پێبکات، واتە لە دەریایی ڕۆژهەڵات ودەریایی باشووری چینەوە، بە تایبەت دەریایی باشور، چونکە

گرنگترین دەریایە بۆ چین، لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا. لە چوارچێوەی ستراتیژی (ملوانکەی مراوری)، چین هێزی دەریایی خۆی بەهێزتر کردوە وچەندین دوورگەی دەستکردی لە دەریایی باشوور درووست کردوە لەگەڵ دانانی چەندین بنکەی سەربازی ومووشەک وڕادار لەو دوورگانە ولەنزیک دەریایی باشور.(ألیسون،٢٠١٨) ئامانجێکی سەرەکی ئەمە، بریتییە لە سەپاندنی هەژموونی چین لە گەرووی مەلەکە وکەمکردنەوەی هەژموونی ئەمریکا لەو ناوچەیە. هەر وەها هەر لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژە، چین بنکەی سەربازی لە جیبۆتی وپاکستان وسریلانکا کردوەتەوە، کە نزیکن لە دەریایی سوور ودەریایی عەرەب وزەریایی هیندی(علي،٢٠١٩). هەر بۆیە دەوترێت تیورییەکان ئەلفرید ماهان بووەتە بیروباوەڕی زۆرێک لە سیاسییەکانی چین لەم سەردەمەدا(ألیسون،٢٠١٨:ص٢٦١ )

بەڵام بۆ چین کۆنترۆڵکردنی دەریای باشوور کارێکی ئاسان نییە، بەدەر لە بوونی هێزی ئەمریکا لەو ناوچەیە، چین کێشەی سنوور وخاوەندارێتی دوورگەکانی ناو دەریایی باشووری هەیە لەگەڵ چەندین دەوڵەتی وەک (ئەندەنۆسیا ومالیزیا وفلیپین وڤێتنام وبرۆنای وتایوان) کە دەڕواننە سەر دەریایی باشووری چین وخۆیان بە خاوەنی ئەو دوورگانە دەزانن، کە چین پێیوایە دوورگەی چینن ولەژێر سەروەری خۆیەتی (رشا زیدان، ٢٠٢٠: ص١٧٧-١٨٩،١٧٨). جگە لەوەی ئەمریکا لە ڕێگەی بنکە سەربازییەکانی لە زەریایی هیندی، بە تایبەت بنکە سەربازییەکی لە سەنگاپور، کە دەڕوانێتە سەر دەریایی باشووری چین، هەر وەها هاوپەیمانی وڕێکەوتنەکانی لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە، جارێ ئەمریکا هەژموونی زۆرە لە دەریایی باشووری چین. بۆ نموونە ساڵی ٢٠١٩ کەشتیگەلی ئەمریکا لەگەڵ یابان لە دەریایی باشووری چین، مانۆری سەربازیان ئەنجامدا وچین بەوە نیگەران بوو (رشا زیدان، ٢٠٢٠:ص١٨٩). کەواتە چین جارێ نەیتوانیوە هەژموونی ئەمریکا لە زەریا ودەریاکان کەم بکاتەوە. ئەگەر چین دەریایی باشوور کۆنترۆڵ نەکات، ئەوا قوورس دەبێت چین هەژموونی بەسەر گەرووی مەلەکە وزەریایی هیندی وئارامدا هەبێت وهەژموونی ئەمریکا لاواز بکات. بەڵام وەک باسکرا، دانانی ژمارەیەکی زۆر لە بنکەی سەربازی وڕادار مووشەک لە دەریایی باشووری چین، دەکرێت ببێتە هەنگاوی سەرەتا بۆ ئەوەی هەژموونی ئەمریکا لەو ناوچەیە کەم بێتەوە وچین ببێت بە هێزی یەکەمی ئەو ناوچەیە، بەوەش دەکرێت گەرووی مەلەکە بکەوێتە ژێر هەژموونی چین. مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ئەوە نییە لە ئایندەدا چین وئەمریکا کامیان لە گەرووی مەلەکە هەژموونیان زیاتر دەبێت، بەڵکو مەبەستی سەرەکی پیشاندانی گرنگی گەرووی مەلەکەیە لە پەیوەندی نێوان ئەمریکا وچین.

ستراتیژی دووەمی چین بۆ گەرووی مەلەکە کە بریتییە لە دۆزینەوە ڕێگای تر وکەمتر پشتبەستن بە مەلەکە، لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ (دەستپێشخەری پشتێنە ورێگا)یە. لە ساڵی ٢٠١٣ سەرۆکی ئێستای چین شی جین پینگ پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێی ڕاگەیاند، بە گشتی ئەم پرۆژەیە، بریتییە لە تۆڕێک لە ڕێگای بازرگانی بۆ بەستنەوەی چین بە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان، بە گشتی پرۆژەیە دوو جۆر لە ڕێگا لە خۆ دەگرێت؛ ڕێگای ووشکانی وڕێگای دەریایی .(KraneShares,2019:p.3-4)

ڕێگای ووشکانی: ڕێگاکانی ووشکانی بریتین لە کۆمەڵێک هێڵی ئاسن وشەقام بۆ بازرگانی وهێڵی بۆری بۆ گواستنەوەی نەوت وگازی سروشتی. هێڵەکانی ووشکانی (هێڵی ئاسن وشەقامەکان) هەندێکی لە باشووری چینەوە دەستپێدەکەن، بە ئاسیایی ناوەڕاست تێدەپەڕن، دەچنە ئێران، پاشان لە ئێرانەوە دەکرێن بە چەن ڕێگایەکی تر، ڕێگایەکی دەچێتە تورکیا، لەوێشەوە بۆ ئەوروپا، ڕێگایەکی تر دەچێتە عیراق (لەوانەیە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە)، لەوێوە بۆ سووریا ولوبنان ودەریایی ناوەڕاست، لە دەریایی ناوەڕاستەوە دەتوانرێت بگاتە ئەوروپا وئەفریقیاش، ڕێگایەکی تری دەچێتە ئازەربیجان، لەوێوە بۆ ڕووسیا، پاشان بۆ فلەندا کە باکووری ئەوروپایە.( آبشناس،٢٠١٧) . ئەم ڕێگا ووشکانیانە یارمەتی چین دەدەن کەمتر پشت بە زەریا ودەریاکان ببەستێت، بە تایبەت کەمکردنەوەی ڕێژەی پشت بەستن بە گەرووی مەلەکە. ڕێگایەکی تری ووشکانی ئەو پرۆژەیە، لە چینەوە دەچێتە پاکستان تا بەندەری گوادار لە شاری گواداری پاکستانی، کە دەڕوانێتە سەر دەریایی عەرەب (Farr,2017) واتە چین بە بێ تێپەڕبوون بە زەریایی ئارام وگەرووی مەلەکە، لە ڕێگەی پاکستانەوە دەگاتە دەریایی عەرەب کە بەشێکە لە زەریایی هیندی، واتە چین دەتوانێت بە بێ تێپەڕبوون بە گەرووی مەلەکە، شمەک هاوردە وهەناردە بکات بۆ ئەفریقیا وئەوروپا ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر وەها لە ڕێگەی پاکستانەوە،چین دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ گەرووی هورمز وباب المندب ونۆکەندی سوێس بکات. سەرباری ئەوەی زەریایی هیندیش بە لق وبەشەکانیەوە، وەک باسکرا، ئەمریکا هەژموونی زۆری بەسەردا هەیە، بەڵام لایەنی کەم چین دەتوانێت کەمتر پشت بە گەرووی مەلەکە ببەستێت، کە جگە لە ئەمریکا، زۆربەی دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە کێشەیان

لەگەڵ چین هەیە، بە تایبەت کێشەی سنور ودورگەکانی دەریایی باشووری چین. جگە لەم ڕێگانە، ڕێگای ئاوریشمی نوێ، چەندین ڕێگای تر لە خۆدەگرێت .

یەکێک لە ڕێگا دەریاییەکانی  پرۆژەکەی چین بریتییە لە تێپەڕبوون بە دەریای باشووری چین وگەرووی مەلەکە پاشان زەریایی هیندی ودواتر باب المدنب ونۆکەندی سوێس تا گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست .(KraneShares,2019:p.4)

ئەمەش لەگەڵ ستراتیژی (ملوانکەی مراوری) یەک دەگرێتەوە، وکەشتیە سەربازییەکانی چین هەوڵدەدەن کەشتیە بازرگانیەکانی بپارێزن. لەگەڵ چەندان ڕێگا وپرۆژەی تر کە دەچنە چوارچێوەی ڕێگا دەریاییەکانی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێی چینی.

وەک دەردەکەوێت، چین لە ڕێگەی ستراتیژی ملوانکەی مراوی دەیەوێت هەژمونی هەبێت بەسەر زەریا ودەریا وگەرووەکان (بە تایبەت مەلەکە)، بەڵام وەک ئاماژەی پێدرا، ئەمریکا تا ئێستاش هێزی یەکەمە لە زەریا ودەریاکاندا، چین قوورسە لە ئایندەیەکی نزیک بتوانێت ئەو هەژموونەی ئەمریکا بەسەر دەریاکان وگەرووی مەلەکە لاواز بکات، بۆ ئەوەی لە ئێستادا تووشی بەریەککەوتن نەبێت لەگەڵ ئەمریکا، هەر وەها بۆ ئەوەی بازرگانی  چینیش لەژێر هەژموونی ئەمریکا نەبێت لە دەریاکاندا، چین لە ڕێگەی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشم دەیەوێت چەندین ڕێگای ووشکانی درووست بکات دوور لە دەریاکان. لەو بارەیەوە تۆماس هێبرەر، پسپۆری لە سیاسەتی چین دەڵێت "چین پێیوایە لە قۆناغێکدا بەریەککەوتنی دەبێت لەگەڵ ئەمریکا، لە دۆخێکی وادا ئەمریکا ڕێگا بازرگانیەکانی چین کە دەچنە دەریایی باشووری چین، دادەخات، بۆیە چین هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای نوێ دەدات .(Noack,2018) "کەواتە ئامانجێکی چین لە ڕێگای ئاوریشمی نوێ، بە تایبەت بەشە ووشکانیەکەی، دەکرێت بۆ خۆ ئامادەکردن بێت بۆ کاتێک ئەگەر ململانێی نێوان چین وئەمریکا توندتر بێت یا جەنگ هەڵبگیرسێت لە نێوانیان، ئەو کات چین بتوانێت بەردەوام بێت لە هاوردە وهەناردە کردن بە ڕێگای ووشکانی، لە کاتی داخستنی گەرووی مەلەکە وڕێگا دەریاییەکانی تر لە لایەن ئەمریکاوە دژ بە چین.

جگە لەوەی لەسەرەوە باسکران، چین هەوڵی بەدەست هێنانی وزە دەدات لە ڕیگەی ووشکانی وهێلی بۆری. بۆ نموونە پرۆژەی وڕێکەوتنی هەیە لەگەڵ هەر یەک لە رووسیا وبۆرما وتورکمانستان بۆ ڕاکێشانی هێلی بۆری گازی سروشتی ونەوت لەو وڵاتانەوە بۆ چین بە ڕێگەی ووشکانی، هەر وەها کڕینی گازی سروشتی شلکراو لە قەتەرەوە بۆ بەندەری گواداری پاکستانی، پاشان گواستنەوەی بە ڕێگای ووشکانی بۆ چین (علي، ٢٠١٩). هەروەها پێش ساڵی ٢٠١٤ چین لەگەڵ تایلاند هەوڵی درووستکردنی ڕێڕەوێکی دەریایی نوێی دەدا، کە نۆکەندی کرایسمۆس بوو، بە وڵاتی تایلاندا تێدەپەڕی، ئەوەش دەبووە جێگرەوەی گەرووی مەلەکە بۆ چین، چونکە ئەو کات کەشتیەکان ڕاستەوخۆ لە زەریایی هیندیەوە بە تێپەڕبوون بەو نۆکەندە دەچوونە زەریایی ئارام بێ ئەوەی بە گەووی مەلەکەدا تێپەڕن، بەڵام ئەو پرۆژەیە تا ئێستا نەگەیشتوەتە ئامانج، چونکە لە ساڵی ٢٠١٤ بە پشتگیری ئەمریکا کودەتایەکی سەربازی ڕوویدا وبووە هۆی ئەوەی حکومەتێکی نوێ دەسەڵات بگرنە دەست لە تایلاند، ئەم حکومەتەی دوایی پشتگیری پرۆژەکەی چینی نەکرد(علي، ٢٠١٩). هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوانە، چین ساڵانێکە، پرۆژەی هەیە بۆ بەدەستهێنانی وزە لە سەرچاوەی تری وەک ئاو وبا... ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی بە نەوت وگازی سروشتی کە زۆربەی لە گەرووی مەلەکەوە تێدەپەڕێت بۆ چین(بلمادي، ٢٠١٥:ص٣٢). هاوکات، بە هۆی گۆڕانکاری لە کەشوهەوا وبەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە جیهان، بەشێک لە بەستەڵەکەکانی زەریایی جەمسەری باکور تواوەتەوە، لە هەندێ کاتی هاویندا دەتوانرێت کەشتی پیا تێپەڕێت، ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت، ئەوا چین هەوڵدەدات لە ئایندەدا زەریایی جەمسەری باکوور بەکاربهێنێت بۆ بازرگانی، بە تایبەت بۆ گەیشتن بە ئەوروپا، کە لەم ڕێگایەوە نزیکترە، لە بری بەکارهێنانی زەریایی هیندی وگەرووی مەلەکە (Noack,2018).

بێ گومان پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، مەبەستەکەی تەنیا گەرووی مەلەکە نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی ستراتیژی وئابووری وسیاسی فراوانە. چین یەکەم وڵاتی جیهانە لە هەناردە کردن ودووەمە لە هاوردەکردن، ئەمەش پێویستی بە چەندین ڕێگای جۆراوجۆرە؛ ئاوی و وشکانی وئاسمانی، هەر وەها چین دەیەوێت زۆرترین هاوپەیمان ودۆست بەدەست بهێنێت، چونکە بەشێکی گرنگی هێزی ئەمریکا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی بەهێز هاوپەیمانی ئەمریکان، چین لە چوارچێوەی پرۆژەی ڕێگای ئاوریشم، ڕێکەوتن ولەیەک تێگەیشتنی لەگەڵ ١٣٣ وڵات وڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەنجامداوە (KraneShares,2019:p.3)ئەمەش لە رووی سیاسەت وهەژموونەوە ڕۆڵی گرنگی دەبێت.

ستراتیژ وپرۆژەکانی چین جارێ نەگەیشتوونەتە قۆناغی تەواو بوون، جارێ نازانرێت ئایا چین دەتوانێت ڕزگاری بێت لەو پشتبەستنە زۆرەی بە گەرووی مەلەکە، یا دەتوانێت

هەژمووی ئەمریکا لەوێ کەمبکاتەوە یاخود نا. چونکە خودی پرۆژەی ڕێگای ئاورشم بەربەستی لەبەردەمە، ڕێگا ئاوییەکانی بەدەر نابن لە هەژموونی ئەمریکا، بە تایبەت لەم سەردەمەدا، هەر وەها ڕێگا ووشکانیەکانیش، دەکرێت چەندین بەربەست بێنە بەردەمی، چونکە زۆربەی ئەو ڕێگانە بە وڵاتانی ئاسیایی ناوەڕاستدا تێدەپەڕن، ئەو ناوچەیە هەر لە ڕووی مێژوویەوە شوێنی هەژموونی رووسیان، لەوانەیە لە ئایندەدا زیادبوونی هەژموونی چین لەو ناوچەیە، ببێتە مایەی نیگەرانی ڕووسیا، هەر وەها ئەمریکاش لە هەوڵی بەردەوامە بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی لەو ناوچەیەدا. هەندی لە ڕێگاکان بە ئێراندا تێدەپەڕن، دیسانەوە ئێران لە ژێر سزاکانی ئەمریکادایە ولەوانەیە ئەو سزانە کۆمپانیاکانی چینیش بگرێتەوە وببێتە هۆکاری شکستهێنانی ئەو ڕێگا بازرگانیانەی کە بە ئێراندا تێدەپەڕن. هەر چەن چین ئاسیای ناوەڕاست وئێرانی هەڵبژاردوە بۆ ئەو پرۆژەیە لەبەر چەن هۆکارێ؛ گونجاوی لە ڕووی جوگرافیەوە کە چین دەتوانێت بە ڕیگای ووشکانی پێیان بگات، هەر وەها هەژموونی ئەمریکا لە ئاسیایی ناوەڕاست بە براورد بە زەریا ودەریاکان وناوچەی کەنداوە، کەمترە، جگە لەوەی ئێران نەیاری ئەمریکایە ونزیکە لە چینەوە، ئێرانیش هەژموونی هەیە لە عیراق وسووریا ولوبنان ویەمەن، کە دەکرێت ڕێگای ئاوریشم بەو وڵاتانەشدا تێپەڕێت. بۆ هەموو ئەم ئەگەرانە، پێویستە چاوەڕوانی ئاینده بین، کە ئایا چین وەک ئێستا وڕابوردوو لەڕێگەی گەرووی مەلەکە ولەژێر چاودێری وهەژموونی ئەمریکادا بەشێکی سەرەکی بازرگانیەکانی ئەنجامدەدات یاخود سەرکەوتوو دەبێت لەوەی ڕێگای تر بدۆزێتەوە ویاخود لە ڕێگەی ستراتیژی ملوانکەی مەرواری هەژموونی خۆی زیاد بکات وهەژموونی ئەمریکا لاواز بکات لە گەرووی مەلەکە .

تا ئێستاش گەرووی مەلەکە لە ژێر هەژموونی ئەمریکایە، هەر لەو بارەیەوە وتەیەک هەیە دەڵێت "قورگی ئاسیا لەناو دەستی ئەمریکایە، کەی بیەوێت دەیگووشێت ودەیخنکێنێت"( بلمادی، ٢٠١٥:ص١٩ (

هەر چەن وەک سەرەتا ئاماژەمان پێدا، لە ڕووی یاساییەوە ئەمریکا یا هەر هێزیکی تر، مافی ئەوەی نییە گەرووە نێودەوڵەتیەکان دابخات، بەڵام دەوڵەتان، بە تایبەت لە کاتی جەنگ وململانێی قوورس، زۆر پەیوەست نابن بە یاساکانەوە، وەک لە کاتی جەنگی ئێران وعیراق کە هەردوو دەوڵەت سەقامگیری گەرووی هورمزیان تێکدا، یاخود هەڕەشەکانی ئێران بۆ داخستنی گەرووی هورمز وباب المندب... جگە لەوەی کە داخستنی گەرووی مەلەکە، دەبێتە هۆکاری قەیرانی گەورە بۆ چەندین دەوڵەتی هاوپەیمانی ئەمریکا، وەک ژاپۆن وکۆریایی باشوور تایوان... بۆیە داخستنی گەرووی مەلەکە ئەگەرێکی نزیک وکراوە نییە، بەڵام چین دەیەوێت ڕیگای سەرەکی بازرگانی وئابووریەکەی لە ژێر هەژموونی ئەمریکا نەبێت، هەر وەها لە بچووکترین ئەگەریشدا ئەگەر ململانێ ئەمریکا وچین بگاتە جەنگ، ئەوا دەکرێت ئەمریکا گەرووی مەلەکە دابخات یا کێشەی بۆ درووست بکات. چین ئەو ئەگەرەش لەبەرچاو دەگرێت. هەر بۆیە هەوڵێکی زۆر وپرۆژەیەکی زۆری هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕیگەی تر لە دەرەوەی گەرووی مەلەکە، چونکە دەزانێت شادەماری ئابوورییەکەی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆی نییە، بەڵکو لە ژێر هەژموونی نەیارەکەیەتی.

پێویستە لە کۆتاییدا ئاماژە بەوەش بدرێت کە لە کاتی داخستنی گەرووی مەلەکە، ئەوا نزیک لەو ناوچەیە دوو گەرووی دەریایی تر هەیە کە دەکەونە ئەندەنۆسیا، ئەوانیش گەرووی (سۆندا) وگەرووی (لۆمبۆک)ن دەتوانرێت بەکار بهێنرێن، بەڵام ئەو کات کەشتیەکان کاتێکی زیاتریان دەوێت وەک لەو کاتەی کە لە گەرووی مەلەکەدا پێویستیان بوو، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی کرێی کەشتیەکان ونرخی شمەک (Xiaobo& Qiang,2011:P.4-6) جگە لەوەی ئەم دوو گەرووەش هەر دەکەونە زەریایی ئارام، کە ئەمریکا تیایدا باڵادەستە، بۆیە لە ئیستادا چین ئەلتەرناتیفی نییە بۆ گەرووی مەلەکە، بۆیە هەوڵدەدات ڕێگای ووشکانی درووست بکات وهەر وەها هەندێ ڕیگای دەریایی تر، دوور لە ناوچەی مەلەکە.

ئەوەی لەم بەشەدا مەبەست بوو، دەرخستنی ڕۆڵ وپێگەی گەرووی مەلەکە بوو لە پەیوەندی وململانێ ئەمریکا وچین، هەر وەها پێشاندانی ئەوەی کە چون گەرووی مەلەکە یەکێکە لە پاڵنەرە گرنگەکانی سیاسەت وستراتیژی ئەمریکا وچین.

دەرئەنجامەکان:

توێژینەوەکە گەیشت بە چەن دەرئەنجامێکی ڕوون، وەک لەم خاڵانەی خوارەوە ریز دەکرێن:

١-گەرووە دەریاییەکان بە گشتی، لە ڕووی چەندێتی وچۆنیەتیەوە، گرنگیەکی جیوپۆلەتیکی وجیوئابووری وجیوستراتیژی گەورەیان هەیە بۆ دەوڵەتان، ئەمەش پێشاندەری ئەو پەیوەندییە بەهێزەیە کە لە نێوان سیاسەت ودیاردە جوگرافیەکاندا هەیە.

٢-گەرووە دەریاییەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاسایشی وزەوە هەیە، ئاسایشی وزەش پەیوەندیەکی توندی هەیە بە ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتانەوە. هەر بۆیە بۆ تێگەیشتن لە

سیاسەتی نێودەوڵەتی، زۆر پێویستە گرنگی ورۆڵی گەرووە دەریاییەکان لەبەرچاوبگرین. چونکە زۆر کات، گرنگی گەرووە دەریاییەکان پاڵنەری سەرەکی ڕەفتار وستراتیژی دەوڵەتانە، وەک لە ململانێی نێوان ئێران وولاتانی کەنداو بینیمان لەسەر گەرووی هورمز وگەرووی باب المندب، یا ململانێی ئەمریکا وچین لەسەر گەرووی مەلەکە.

٣-گەرووە دەریاییەکان ئامرازێکی سەرەکین بۆ کۆنترۆڵکردنی دەریا وزەریاکان، دەریا وزەریاکانیش ئامرازی سەرەکین بۆ هەژموونی دەوڵەتێک بەسەر جیهاندا، چونکە ئابووری وبازرگانی جیهان پشت بە ڕێگا ئاوییەکان دەبەستێت. پێگەی ئەمریکا لە جیهاندا، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە هەژموونی ئەمریکا دەبەستێت بەسەر گەرووە ئاوییەکان، چونکە گەرووە ئاوییەکان، ئەمریکا ناتوانێت هەژموونی هەبێت بەسەر زەریاکاندا.

٤-گەرووی مەلەکە، بە شادەماری ئابووری دادەنرێت بۆ نزیکەی چوار ملیار مرۆڤ، هەر دەوڵەتێک هەژموونی هەبێت بەسەر ئەم گەرووە، ئەوا هەژموونی دەبێت بەسەر گەورەترین بەشی جیهان لە ڕووی دانیشتووانەوە. هەر بۆیە ئەمریکا بۆ ئەوەی وەک بەهێزترین زلهێزی جیهان بمێنێتەوە، پێویستە هەژموونی هەبێت بەسەر گەرووی مەلەکە.

٥-گەرووی مەلەکە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە کێبرکێی نێوان ئەمریکا وچین، یەکێکە لە پاڵنەرە گرنگەکانی پشت سیاسەت وستراتیژ وپرۆژەکانی ئەمریکا وچین لە ئاسیادا. دەکرێت بوترێت، ئەگەر چین هەژموونی ئەمریکای لاوز کرد بەسەر گەرووی مەلەکە وهەژموونی خۆی سەپاند بەسەر ئەو گەرووە، ئەوا سەردەمی هەژموونی ئەمریکا، بەلایەنی کەم لە ئاسیا، بەرەو کۆتایی دەچێت، ئەمەش دەکرێت بەرەو لاوازی هەژموونی ئەمریکا لە جیهاندا بڕوات، واتە گۆڕانی سیستەمی جیهانی.

٦ -هەردوو گریمانەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ئەرێنی (پۆزەتیف- إیجابي) سەلمێنرا، کە گەرووەکان بە گشتی وگەرووی مەلەکە بە تایبەتی گرنگیی گەورەیان هەیە لە ڕوووی جیوپۆلەتیکی وئابووریەوە بۆ دەوڵەتان، هەر وەها گەرووی مەلەکە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی پەیوەندی وململانێی نێوان ئەمریکا وچین.

## سەرچاوەکان


### سەرچاوە ئینگلیزییەکان -١

### توێژینەوە:

1- Cronin, P. (2019). America's Indo-Pacific Strategy. Hudson institute. Washington, D.C.

2- Gerke, Solvay & Evers, Hans-Dieter & Hornidge, Anna-Katharina. (2008). The Straits of Malacca: knowledge and diversity, The Center for Development Research (ZEF), Bonn-Germany.

3- Gilmartinm, H. (2008). EU-U.S.-China: Cooperation in the Malacca Straits. INSTITUT FÜR FRIEDENSFORSCHUNG UND SICHERHEITSPOLITIK. Hamburg-Germany.

https://upcommons.upc.edu/bitstream/handle/2117/169660/140869_ElisendaVenturaJariod_TFG%20%281%29.pdf?sequence=1&isAllowed=y

4- Jariod, V. (2019). Prospection and Analysis of New Maritime Trade Nets of Asia in the Malacca Strait, Degree in Nautical and Maritime Transport, Polytechnic University of Catalonia, Barcelona.

5- Pole, K. (2007). Mixed Method Designs: A Review of Strategies for Blending Quantitative and Qualitative Methodologies. Mid-Western Educational Researcher, Volume 20, No. 4..

6- Siti Zubaidah, I., Sani, A. and Azizuddin, M. (2010). The Straits of Malacca: Regional powers vis-a-vis littoral states in strategic and security issues and interests, Political Managements and Policies in Malaysia.

7- Xiaobo, Q and Qiang, M. (2012). The economic importance of the Straits of Malacca and Singapore: An extreme-scenario analysis, Griffith University, Queensland-Australia.

### وتار و ڕاپۆرت

8- Hydrocarbons-technology. (2013). the world's biggest natural gas reserves. https://www.hydrocarbons-technology.com/features/feature-the-worlds-biggest-natural-gas-reserves/

9- KraneShare. (2019).The One Belt One Road Initiative: A New Paradigm in Global Investing.

21- : U.S. Energy Information Administration. (2019). The Bab el-Mandeb Strait is a strategic route for oil and natural gas shipments.

22- World economic forum. (2019). The Strait of Hormuz: what you need to know. https://www.weforum.org/agenda/2019/07/the-strait-of-hormuz-what-you-need-to-know/

ماڵپەڕ

23- Anwar, A. (2019). Why the US and its allies should keep ASEAN at the centre. The Interpreter. https://www.lowyinstitute.org/the-interpreter/why-us-and-its-allies-should-keep-asean-centre

24- Calabrese, J. (2020). The Bab el-Mandeb Strait: Regional and great power rivalries on the shores of the Red Sea. Middle East institute. https://www.mei.edu/publications/bab-el-mandeb-strait-regional-and-great-power-rivalries-shores-red-sea.

25- De Faakto. (2019). Djibouti, Foreign Military Bases on the Horn of Africa; who is there? What are they up to? http://defaakto.com/2019/01/02/djibouti-foreign-military-bases-on-the-horn-of-africa-who-is-there-what-are-they-up-to/

26- Desjardins, J (2019). Mapped: The World's Largest Exporters in 2018. visual capitalist https://www.visualcapitalist.com/map-worlds-biggest-importers/

27- Farr, G. (2017). , Pakistan's Role in China's One Belt One Road Initiative. E-International Relations. https://www.e-ir.info/2017/07/10/pakistans-role-in-chinas-one-belt-one-road-initiative/

28- Geography Realm. (2020). Geography Facts about the Pacific Ocean. https://www.geographyrealm.com/geography-facts-about-the-pacific-ocean/

29- Girard, B. (2020). China and Gulf Security: Conspicuous By Its Absence. The diplomat. https://thediplomat.com/2020/05/china-and-gulf-security-conspicuous-by-its-absence/

https://kraneshares.com/resources/presentation/2019_03_31_obor_presentation.pdf

10- NS Energy. (2019). Profiling the world's top producers of natural gas. https://www.nsenergybusiness.com/news/top-natural-gas-producing-countries/

11- NS, Energy. (2018). Countries with largest natural gas reserves in the Middle East. https://www.nsenergybusiness.com/features/largest-natural-gas-reserves-middle-east/

12- NS, Energy. (2019). Qatar leads global LNG exports but who else make the top 5? https://www.nsenergybusiness.com/features/qatar-global-lng-exports-top-5/

13- Robert Strauss Center (2008) for International Security and Law, Strait of Hormuz Assessing the threat to oil flows through the strait, https://www.strausscenter.org/strait-of-hormuz-oil-in-the-persian-gulf/?fbclid=IwAR3kCPiJK4UY8JSFLjaght5SZnT2WkVrhAum8PLJNRAmjPmiE1DnSepM-H0

14- The ASEAN Secretariat. (2019). ASEAN Key Figures 2019, Jakarta

15- The International Energy Agency. (2019). Energy security. https://www.iea.org/areas-of-work/ensuring-energy-security

16- U.S. Energy Information Administration. (2014). World oil transit chokepoints critical to global energy security.

17- U.S. Energy Information Administration. (2017). Three important oil trade chokepoints are located around the Arabian Peninsula.

18- U.S. Energy Information Administration. (2017). World Oil Transit Chokepoints

19- U.S. Energy Information Administration. (2019). The Bab el-Mandeb Strait is a strategic route for oil and natural gas shipments.

20- U.S. Energy Information Administration. (2019). The Strait of Hormuz is the world's most important oil transit chokepoint.

30- Hurworth, E. (2019). India to overtake China as the world's most populous country: UN, CNN. https://edition.cnn.com/2019/06/19/health/india-china-world-population-intl-hnk/index.html

31- Noack, N. (2018). Climate change cuts the shipping route between China and Europe by 5,000 miles. The Washington post. https://www.washingtonpost.com/world/2018/08/24/climate-change-cuts-shipping-route-between-china-europe-by-miles/

32- Potte, R. (2012). The Importance of the Straits of Malacca. E-International Relations. https://www.e-ir.info/2012/09/07/the-importance-of-the-straits-of-malacca/

33- Ranasinghe, S. (2011). , Why the Indian Ocean Matters. The diplomat. https://thediplomat.com/2011/03/why-the-indian-ocean-matters/

34- Rift valley institute (2017). Horn of Africa. http://riftvalley.net/regionwherewework/horn-africa

35- Schaus, L. (2019). Oil Markets, Oil Attacks, and the Strategic Straits. The Center for Strategic and International Studies. https://www.csis.org/analysis/oil-markets-oil-attacks-and-strategic-straits.

36- Sushentsov, A. (2013). U.S. military presence in Asia-Pacific region. Foreign policy. http://www.foreignpolicy.ru/en/analyses/u-s-military-presence-in-asia-pacific-region/

37-The International Energy Agency. (2019). Energy. https://www.iea.org/areas-of-work/ensuring-energy-security

38- Weitz, R. (2019). Why is the Strait of Hormuz important? Navytimes. https://www.navytimes.com/news/your-navy/2019/07/19/why-is-the-strait-of-hormuz-important/

39- Domains of Maritime CirculationThe Geography of Transport Systems, https://transportgeography.org/contents/chapter5/maritime-transportation/domains-maritime-circulation

40 - Fandom, the Strait of Malacca. https://newsilkroad.fandom.com/wiki/The_Strait_of_Malacca

41- ABC News, Understanding the Strait of Hormuz, https://www.abc.net.au/news/2019-08-21/understanding-the-strait-of-hormuz/11435122?nw=0

## سەرچاوە عەرەبییەکان -٢ توێژینەوە

١ -أليسون، غراهام (٢٠١٨)، حتمية الحرب بين القوة الصاعدة والقوة المهيمنة: هل تنجح الصين وامريكا في الإفلات من فخ ثيوسيديديز؟،ترجمة: إسماعيل بهاد الدين سليمان، دار الكتاب العربي، بيروت –لبنان.

٢-بلمادي، سفيان (٢٠١٥)،، جيوسياسة المضايق البحرية الاستراتيجية وأمن إمدادات الطاقة مضيق ملكا وأثره على أمن الطاقة الصيني أنموذجا، شبكة ضياء للمؤتمرات والدراسات.

٣-الحسيني، إسراء كاظم جاسم (٢٠١٨)،مضيق ملقا وأثر موقعة الجيوستراتيجي والجيوأقتصادي على آمن مرور بضائع الدول الإقليمية والدولية، لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية، المجلد: ٢ العدد:٢٨، جامعة واسط.

٤-دوغين، الكسندر (٢٠٠٤)،، أسس الجيوبولتيك: مستقبل روسيا الجيوبولتيكى، ترجمة: عماد حاتم،دار الكتاب الجديد المتحدة،بيروت-لبنان.

٥-الزبيدي، كريم مطر (٢٠٢٠)، مضيق باب المندب في الصراعات الدولية، مجلة متون، المجلد: ١١، العدد: ٣، جامعة الدكتور مولاي الطاهر سعيدة.

٦-زيدان، رشا سهيل محمد (٢٠٢٠)، التنافس الامريكي _ الصيني تجاه بحر الصين الجنوبي: دراسة في الابعاد الجيوستراتيجية،مجلة تكريت للعلوم السياسية، العدد ٢٠.

٧-طهماز، زمن كريم علي ( 2017)، الاهمية الاستراتيجية لمضيق هرمز في الادراك لاستراتيجي الإيراني، رسالة الماجستير في العلوم السياسية، جامعة المستنصرية .

٨-عبد، عبد الأمير عباس وكيطان، وسام عمي (٢٠١٩)،، الأهمية الجيوبوليتيكية لمضيق ملقا،مجلة ديالى، العدد: ٨٠، العراق .

٩-العجولين، خالد احمد الاسمر (٢٠١٩)،جيوسياسية المضايق البحرية واثرها على الصراع في منطقة المشرق العربي: دارسة حالة مستقبل امدادات الطاقة في مضيقي هرمز وباب المندب ٢٠٠٣-٢٠١٨، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية، برلين – ألمانيا.

١٠-العذاري، تغريد رامز هاشم (٢٠١٣)،: البدائل المتاحة في حال اقفاله: دراسة جيوبوليتيكية،مجلة كلية التربية الأساسية/ جامعة بابل، العدد:١٣.

١١-العلي، علي زياد (٢٠١٨)،مصالح مثلث القوى الاوربية ( المانيا فرنسا والمملكة المتحدة ) في منطقة الخليج،مركز حوكمة للسياسات العامة. https://www.iqgcpp.org/the-interests-of-the-powers-of-europe-in-the-gulf/

١٢-كيسنجر، هنري. (٢٠١٥).: تأملات حول طلائع الأمم ومسار التاريخ، ترجمة: فاضل جتكر، دار الكتاب العربي، بيروت – لبنان.

١٣-لينغ، جانغ يون (٢٠١٧)، تحولات الدبلوماسية الصينية في القرن ٢١، ترجمة: آية محمد الغازي، دار الصفصافة، الجيزة-مصر.

١٤-محمد، فيان احمد (٢٠١٤)،الممرات المائية وأمن الطاقة العالمي: مضيق هرمز أنمودجا،مجلة الآداب، جامعة بغداد، العدد (١٠٨).

١٥-ناصر، علي ناصر (٢٠١٣)،مضيق هورمز والصراع الأمريكى الايراني،دار الفارابي،لبنان.

ڕێکەوتننامە

١٦ -الجمعية العامة للأمم المتحدة (١٩٨٢)،اتفاقية الأمم المتحدة لقانون البحار.

ماڵپەڕ

١٧-آبشناس، عماد (٢٠١٧) مبادرة طريق الحرير البري والبحري الصينية من منظور إيراني، مركز الجزيرة للدراسات. https://studies.aljazeera.net/ar/reports/2017/05/

١٨ -الجزيرة (٢٠١٦)، ما الغاز الطبيعي المسال. https://www.aljazeera.net/encyclopedia/encyclopedia-economy/2016/10/27

١٩ -الخليج أونلاين (٢٠١٨)، باب المندب.. القوة الجغرافية التي جلبت الصراع العسكري لليمن. https://alkhaleejonline.net/

٢٠ -زكريا، مرفت (٢٠١٨)،المآلات الاقتصادية لتهديد إيران بإغلاق باب المندب، المرجع. https://www.almarjie-paris.com/2823

٢١ -شيرأمريكا (٢٠١٩)،دول العالم تعزز أمن الطاقة لديها من خلال تنويع أصناف الوقود. https://share.america.gov/ar/

٢٢ -علي، معتز (٢٠١٩). بحر الصين الجنوبي.. لغز الصراع بين أمريكا والصين!،الجزيرة. https://www.aljazeera.net/blogs/2019/6/3/

٢٣ -موقع الأمن والدفاع العربي (٢٠١٩)، 16 دولة تمتلك 19 قاعدة عسكرية في القرن الأفريقي. https://sdarabia.com/2019/10/16

٢٤- وكالة الصحافة اليمنية (٢٠١٩)، التدخل السعودي في اليمن .. حضور سلبي طغت عليه الأطماع والأزمات. http://www.ypagency.net/196086